# ڕۆڵی ژینگەی پیشەیی ڕۆژنامەنووس لەسەر پەیامسازیی هەواڵیی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە
## ڕۆژنامەنووسانی کەناڵە هەواڵییە تەلەفیزیۆنییە کوردییاکان بە نموونە وەرگیراوە

**ئیبراهیم سەعید فەتحوڵا [1] ، کاوە عزالدین عبدالرحمن [2]**

بەشی راگەیاندن، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە -** ئەم توێژینەوەیە لە کاتێکدایە کە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و ڕۆژنامەوانان لە هەرێمی کوردستان-عێراق لەسایەی ئازادییەکاندا بێ مەرج و ئاکارە پیشەییەکان بەردەوام لە فراوانبون و زیادبوندان، کە واپێویست دەکات بەئاگایی زیاترەوە مامەڵە لەگەڵ کۆکردنەوەو سازاندن و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکاندا بکرێت. بۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بە ئاگابوونە لەڕۆڵبینینی ژینگەی پیشەیی لەسەر سازاندنی پەیامی میدیایی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، بۆ ئەم مەبەستە ئەم توێژینەوەیە بە پشت بەستن بە میتۆدی ڕاپێوی، فۆڕمێکی ئاراستەی ڕۆژنامەنووسانی کەناڵە هەواڵییە کوردییەکان کردووە، ماوەی ڕاپرسییەکە لە (٢/١ تا ٨/١ ی ٢٠٢٢)ی خایاند. لە دەرەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەرکەوەت کە ڕێژەی نیوە زیاتری ڕۆژنامەنووسان سەر بەو حزب و ئایدۆلۆژیایەن کە خاوەنداریێتی کەناڵە هەواڵییە کوردییەکان دەکەن. لەلایەکی ترەوە توێژەر گەیشتە ئەوەی کە ژینگەی پیشەیی لە هەرێمی کوردستان کاریگەری ئەرێنی لەسەر پەیامە میدیاییەکان درووست کردووە، لە هەمان کاتدا بە پێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە هیچ جیاوازییەکی ئاماری بەرچاو نەکەوت کە ببێتە هۆی ئەوەی کە ئەو جیاوازییە بە ئاراستەی نەرێنیدا ببات، سەرجەمیان لەو باوەڕەدا بوون کە ژینگەی پیشەیی کاریگەری ئەرێنی کردۆتە سەر پەیامسازی میدیایی لە کەناڵەکانی سامپڵی توێژینەوەکەدا، تەنها لەگۆڕاوی ڕەگەزدا جیاوازی بەدی کرا ئەویش بە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێر.

**کلیلە ووشەکان-** ڕۆڵ، ژینگەی پیشەیی، پەیامسازیی، کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان

### پێشەکی :

میدیا لە جیهاندا بەشێوەیەکی گشتی وەک هەر دامەزراوەیەکی دیکە پەیوەستە بەو ژینگەیەی دەوری داوە لە ناوخۆ بێت یان لەدەرەوەی دەزگاکە، وە بەشێوەیەک لە شێوەکان کاریگەری (ئەرێنی و نەرێنی) لەسەر دەزگا و توانا مرۆییەکانی بەجێدەهێڵێت، کە ئەمەش بێگومان لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەپێی ئەو سیستمی بەڕێوەبردنەی کە هەیە ڕەنگ دەداتەوە و کاریگەری دەبێت لەسەر ئاکار و پێوەرە پیشەییەکانی کارمەندانی ناو دەزگاکە لە سازاندن و ناردنی پەیامە میدیاییەکانیاندا. توێژەر لە بەشی یەکەمدا میتۆدنامەی توێژینەوەکەی خستۆتە ڕوو، هەروەها بەشی دووەمی تەرخانکردووە بۆ لایەنی تیۆری، بەشی سێیەمیش لایەنی مەیدانییە، شیککردنەوەی ئاماری بۆ ئامرازی توێژینەوەکە ئەنجام داوە و دەرەنجامەکانی تیادا خراونەتە ڕوو، پاشان پێشنیار و ڕاسپاردەکان و سەرچاوەکان نمایش کراون.

## بەشی یەکەم
## میتۆدنامە

**کێشەی توێژینەوە:** وەك هەر وڵاتێکی تازە پێگەیشتوو و خاوەن سیستمێکی بەڕێوەبردنی لاواز، میدیا لە هەرێمی کوردستان بەردەوام لە ژینگەیەکی قەیراناوی ناسروشتیدا گەشەی کردووە، بۆیە ئاست و جۆری کاریگەری ژینگەی پیشەیی بەسەرجەم ڕەهەندە جیاوازییەکانییەوە ناڕوونی پێوە دیارە، کە هەڵبەت کاریگەری لەسەر پەیامسازی کەناڵە ئاسمانییەکانییە هەواڵییەکان درووست کردووە. لەم روانگەیەوە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت ئاست و ڕادەی ئەو کاریگەریانە دەستنیشان بکات کە ژینگەی پیشەیی لەسەر پەیامی ئەو کاناڵانە دروستی دەکات لە ڕێگەی ئەم چەند پرسیارەوە:

1. ئایا بۆچوون و ئاراستەی سیاسی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە هەواڵییە کوردییەکان لە چ ئاستێکدایە؟
2. ئایا بۆچوونی ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ بۆچوونی ئەو دەزگایەی کاری تێدا دەکەن لەسەر داڕشتن و بڵاوکردنەوەی پەیامە میدیاییەکاندا یەکدەگرێتەوە؟
3. ئایا گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی (ڕەگەز، تەمەن، پیشەی میدیایی، شوێنی کارکردن، ئەزموون و قۆناغی خوێندن)، تا چ ئاستێک ڕۆڵدەبینێت لەو کاریگەرییەی ژینگەی پیشەیی لە سەر پڕۆسەی پەیامسازی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکان دروستی دەکات؟

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 9، العدد 4 (2023) ؛ عدد الصفحات (13)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n4y2023.pp32-44

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 25 نيسان 2023 ؛ قُبل في 7 حزيران 2023؛ نُشرت في 17 أيلول 2023؛

البريد الإلكتروني للمؤلف kawa.abdulrahman@univsul.edu.iq, ibrahim.fathulla@univsul.edu.iq

حقوق الطبع والنشر ©2023 ئیبراهیم سەعید فەتحولّا ، کاوە عزالدین عبدلرحمن . هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

**گرنگی توێژینەوە:** بە هۆی پێشکەوتنی خێرای تەکنەلۆجیا و زانیارییەکان لە لایەک، وە کرانەوە فەزایەکی فراوان بۆ میدیا، کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگا بە شێوەیەکی بەرچاو روو لە زیاد بوونە، یارمەتیدەر لە رۆڵبینینی زیاتری میدیا لە ئاراستە کردن و موخاتەبە کردنی سەرجەم کۆمەڵگا. ئەم توێژینەوەیە هەوڵی دەرخستنی ئاستی رۆڵبینینی ژینگەی پیشەیی دەدات لەسەر سازاندنی پەیامە میدیاییەکان. لە لایەکی تریشەوە گرنگیی زانستی هەیە لە رێگەی گەیشتن بە کۆمەڵێک پێشنیار و راسپاردە، دەشێت یارمەتیدەر بێت لە پێشخستن و گەشەسەندنی میدیا و میدیاکارانی کورد لە رووی گرنگیدان بە شێوازی سازاندنی پەیام و گەیاندنی بە جەماوەر، لەکاتێکدا کە فشارە ناوخۆییەکان لەرووی پیشەییەوە بەردەوام لەتوانایاندایە لەمپەر لەبەردەم پەیامەکان درووست بکەن.

**ئامانجی توێژینەوە :** هیچ توێژەرێک ناتوانێت بگاتە راستییە زانستییەکان بە بێ دەستنیشانکردنی ئامانجێکی دیاریکراو،ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە:

1. زانینی بۆچوون و ئاراستەی سیاسی رۆژنامەنووسان لە کەناڵە هەواڵییە کوردییەکان.
2. زانینی رادەی هاورابوونی رۆژنامەنووسان لەگەڵ بۆچوونی ئەو دەزگایەی کە کاری تێدا دەکەن سەبارەت بە پەیامە میدیاییەکان.
3. خستنەرووی رۆڵبینینی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی (رەگەز، تەمەن، شوێنی کارکردن، پلەی زانستی، ئەزموونی کارکردن لە دەزگا میدیاییەکاندا)، لەو کاریگەریانەی ژینگەی پیشەیی لەسەر پرۆسەی پەیامسازی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان درووستی دەکات.
4. زانینی بۆچوون و ئاراستەی سیاسی رۆژنامەنووسان لە کەناڵە هەواڵییە کوردییەکان.
5. زانینی رادەی هاورابوونی رۆژنامەنووسان لەگەڵ بۆچوونی ئەو دەزگایەی کە کاری تێدا دەکەن سەبارەت بە پەیامە میدیاییەکان.
6. خستنەرووی رۆڵبینینی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکانی سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی (رەگەز، تەمەن، شوێنی کارکردن، پلەی زانستی، ئەزموونی کارکردن لە دەزگا میدیاییەکاندا)، لەو کاریگەریانەی ژینگەی پیشەیی لەسەر پرۆسەی پەیامسازی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان درووستی دەکات.

**توێژینەوەکانی پێشوو :** پاش گەڕان و بەدواداچوون؛ توێژەر کۆمەڵێک توێژینەوەی پێشووی کەوتەبەرچاو، کە پەیوەندیدارن یان نزیکایەتییان لەگەڵ بابەتی ئەم توێژینەوەیە هەیە، بۆیە توێژەر لێرەدا ئەو توێژینەوانە دەخاتەروو کە لەم توێژینەوەیەدا پشتیپێبەستوون:

1. توێژینەوەی: خليل ابراهيم (٢٠٠٨): بيئة العمل الصحفي في العراق.

نامەیەکی ماستەرە، پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێژی راگەیاندن لە زانکۆی بەغدا کراوە، لە توێژینەوە وەسفییەکانە و میتۆدی رووپێوی بەکارهێناوە لە رێگەی ئامرازی تێبینیکردن و فۆرمی راپێوی، بە مەبەستی شیکردنەوەی کاریگەری هۆکارە سیاسییەکان لەسەر رۆژنامەنووسان.

ئامانج لەم توێژینەوەیە: دەرخستنی ئەو هۆکار و لایەنانەی کە فشاری سیاسی بەکاردەهێنن بەرامبەر بە پەیوەندیکاران بە مەبەستی کاریگەریی خستنە سەر ناوەرۆکی پەیامە میدیاییەکان و شێواندن و تێکدانیان بە شێوەیەک لەگەڵ ئاراستەی ئەو لایەنانەدا یەکانگیر بێتەوە. هەروەها دەرخستنی شێواز و جۆری ئەو فشارانەی کە ئەو لایەنانە دەیخەنەگەڕ، وە دەرخستنی پەیوەندی لایەنگیری سیاسی پەیوەندیکاران بە بەها پیشەییەکانەوە.

لە گرنگترین دەرەنجامەکانی؛ دەرکەوتووە کە ئەو رۆژنامانەی وەک سامپڵ وەرگیراون سەربەخۆ نین و ئەجێندای سیاسی جیاواز پەیڕەو دەکەن و قسەکەری فەرمی لایەنێکی سیاسی دیاری کراوون. هەروەها دەرکەوتووە؛ نزیکەی سێ بەشی بەرتوێژەکان دووچاری فشاری سیاسی بوونەتەوە لەو کەناڵانەی کە کاری تیادا دەکەن، سەبارەت بە کاریگەری ژینگەی دەرەوەی دامەزراوەکان دەرکەوتووە کە زۆربەی هەرەزۆری بەرتوێژان بەرکەوتەی فشارە دەرەکییەکانن کە هەوڵ دەدەن کاریگەری لەسەر کاری پیشەییان درووستبکەن. لە لایەکی ترەوە دەرەنجامەکان ئەوەیان خستۆتە روو کە پەیوەندیکاران بەرکەوتەن بە فشارە حکومییەکان لە شاردنەوەی زانیارییەکان و دەستبەسەردا گرتنیان، کە لە ئەنجامدا کاریگەریان دەبێت لەسەر شێوازی بەها هەواڵییەکان.

2. توێژینەوەی: حاتم علي (٢٠١٧): المعايير المهنية والأخلاقية للصحافة الالكترونية الفلسطينية.

تێزێکە بە مەبەستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا، پێشکەش بە بەشی رۆژنامەی زانکۆی سودان بۆ زانست و تەکنۆلۆجیا کراوە، لە توێژینەوە وەسفییەکانە؛ میتۆدی رووپێوی و بەراوردکاری بەکارهێناوە، لە رێگەی ئامرازی شیکاریی و چاوپێکەوتنەوە زانیارییەکانی کۆکردۆتەوە، بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر پێوەرە پیشەییەکان لە رێگەی ئەو یاسا کارپێکراوانەی کاری رۆژنامە ئەلەکترۆنییە فەلەستینییەکانی رێکخستووە.

ئامانج لەم توێژینەوەیە: گەشەپێدانی پێوەرە پیشەیی و ئاکارییەکانە کە دەشێت کۆنترۆڵی رۆژنامەی ئەلەکترۆنی بکات بەشێوەیەک کە وەک میانگیرێکی رۆژنامەگەری چالاک و راستگۆ بخرێتەروو. هەروەها فەراهەمکردنی پارێزبەندی یاسایی بۆ ناوەرۆکی پەیامە میدیاییە عەرەبیی و فەلەستینییەکان لە کاتی رووبەڕووبونەوەی هەر دەستدرێژی و هاکەرێک، لەلایەکی ترەوە ئامانجی توێژەر دەرخستنی توانای پێگە رۆژنامە فەلەستینییەکانە لە پێشکەشکردنی خزمەتێکی نمونەیی و پێشکەوتوو.

لە گرنگترین دەرەنجامەکانی؛ بڵاوکراوە ئەلەکترۆنییە ناپیشەییەکان کاریگەری هەیە لەسەر رایەڵە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و فیکرییەکان، هەروەها رۆژنامەی قوودس پیشەییبوون و راستگۆیی و بێلایەنی لە گواستنەوەی زانیارییەکانیاندا رەنگیداوەتەوە، وەگەشتۆتە ئەوەی کە رۆژنامە ئەلەکترۆنییە فەلەستینییەکان ئازادییەکانیان دیاریکراوە، بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی و بنەما تەشریعییەکان، رۆژنامەوانان پابەند دەکەن بە پێوەرە پیشەیی و ئاکارییەکانەوە.

3. توێژینەوەی: فتحية ابراهيم(٢٠٢١): فاعلية المعايير المهنية في النشرات الأخبارية.

تێزێکی دکتۆرایە لە بواری رادیۆ و تەلەفزیۆندا، پێشکەش بە زانکۆی سودان بۆ زانست و تەکنۆلۆجیا کراوە، لە توێژینەوە وەسفییەکانە، شیکاری ناوەرۆکی بۆ هەفتەیەکی دەستکردی هەواڵەکانی دوو کەناڵ ئەنجام داوە بۆ ماوەی چوار مانگ.

ئامانج لەم توێژینەوەیە: تێگەیشتنە لە پەیڕەوکردنی پێوەرە پیشەییەکان لە هەردوو کەناڵی خەرتوم و جەزیرەی ئاسمانی، وە میکانیزمی هەڵبژاردن و کۆکردنەوە و چارەسەرییەکانی هەواڵ بە شێوازێکی زانستییانە.

لە گرنگترین دەرەنجامەکانی؛ دەرکەوتووە کە هەردوو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە ئامرازە وێنەیی و ڤیدیۆییەکانیان بەشێوەیەکی باش لە چارەسەریکردنی هەواڵەکانیاندا بەکارهێناوە بۆ مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی جەماوەر. هەروەها گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی کە سەرچاوەی بابەتە هەواڵییەکانی کەناڵی جەزیرە زیاتر سەچاوەی خودین، بە پێچەوانەی کەناڵی خەرتوم کە سەرچاوەکانیان لەدەرەوە وەرگرتووە، کە ئەمەش ڕوماڵێکی واقعی و بابەتی لە هەواڵەکانی جەزیرەدا بەرجەستە دەکات.

**هەنگاوە میتۆدیەکانی توێژینەوەکە:**

**جۆر و میتۆدی توێژینەوەکە:**

ئەم توێژینەوەیە لە جۆری توێژینەوە وەسفییەکانە " The descriptive research"، هەوڵی زانینی هێز و توانا و ئاراستەی نێوان گۆڕاوەکان دەدات، کە لە ڕێگەی ئاماریکی ئاماژەدار (الاستدلال)ەوە بەژمارە یارمەتیدەر دەبێت بۆ گەیشتن بە دەرەنجامێکی وورد و دیاریکراو.

**کۆمەڵگە و سامپڵی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییە کوردییەکانن، کە پێکهاتوون لە کەناڵەکانی ( Kurdsat News Rudaw, NRT, Speda, K24, GKsat, KNN, Payam) بەپێی ناساندنی کەناڵەکان خۆیان کەناڵێکی تەواو هەواڵین.

بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر بۆ دیاریکردنی سامپڵی توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە سامپڵی ناهەرەمەکی مەبەستدار، کە پێی وایە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دەکات، کە سەرجەم ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەگرێتەوە کە وەک دەستەبژێرێک لە ژووری هەواڵ کاردەکەن، وەک (بەڕێوەبەری نووسین، سەرنووسەر، هەواڵساز، پەیامنێر، پرۆدیوسەر، "هیتر"*) لە خشتەی ژمارە(١)دا خراوەتە ڕوو:

**خشتەی (١)**

**کۆمەڵگای توێژینەوەکە بە پێی دابەش بوونیان بەسەر کەناڵە تەلەفزیۆنیاکاندا**

| کەناڵ | ژمارەی ڕۆژنامەنووسان | زمارەی ئەو ڕۆژنامەنووسانەی وەڵامی فۆڕمی ڕاپێوییەکەیان داوەتەوە | ڕێژەی وەڵامدەرەوەکان (%) |
|---|---|---|---|
| Kurdsat news | ٤٠ | ٨ | ٤,٥ |
| Payam | ٢٤ | ١٨ | ١٠,٢ |
| KNN | ٣٥ | ٢٧ | ١٥,٣ |
| GKsat | ٨٤ | ٤٠ | ٢٢,٧ |
| K24 | ٧٣ | ٩ | ٥,١ |
| Speda | ٤١ | ٢٢ | ١٢,٥ |
| NRT | ٥٢ | ٣٦ | ٢٠,٥ |
| Rudaw | ٨٥ | ١٦ | ٩,١ |
| کۆ | | ١٧٦ | %١٠٠ |

(*) مەبەست لە هیتر، ئەو ڕۆژنامەنووسانەن کە کاری جیاواز دەکەن سەرباری کارەکانی خۆیان لە بەشی هەواڵ، وەک بێژەر کە لە پاڵ کارەکە خۆی کاری هەواڵسازیش دەکات، هەروەها توێژەر پاڵ پشت بە ڕای هەڵسەنگێنەرانی ئامرازی ڕاپرسییەکە "هیتر"یان بە پێویست زانی لە ناو پیشە میدیاییەکاندا دابنرێت بە هۆکاری ئەوەی کە ناونیشانە پیشەییەکان لە کەناڵێکەوە بۆ کەناڵێکی تر جیاوازیان هەیە، تا ئێستا کۆدەنگییەکی ئەوتۆ نییە لەو بارەیەوە.

**ناساندنی سامپڵی توێژینەوەکە:**

1) دابەش کردنی سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی ڕەگەز: ڕەگەزی نێر لە سامپڵی توێژینەوەکە ژمارەیان (١٤٦)، بە ڕێژەی (%٨٣) لە پلەی یەکەمدایە، بەڵام ڕەگەزی مێ بە چەندبارەی (٣٠) لە کۆی گشتی سامپڵەکە بە ڕێژەی (%١٧) بە پلەی دووەم دێت.

2) دابەش بوونی سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی تەمەن: تەمەنی بەرتوێژانی توێژینەوەکە دابەش بوون بەسەر، (%٣٠,٧) لەوانەن کە تەمەنیان لە نێوان ٢٠بۆ٢٩ ساڵدایە، بە چەندبارەی (٥٤)کەس. لە بەرامبەردا (%٥٢,٨) لە نێوان ٣٠بۆ٣٩ ساڵدان، بە چەندبارەی (٩٣)کەس. (%١٥,٧) دابەش بوون بەسەر ئەوانەی کە تەمەنیان لە نێوان ٤٠بۆ٤٩ ساڵدان، بە چەندبارەی (٢٧)کەس. لە کۆتاییدا ئەوانەی تەمەنیان ٥٠ ساڵ بەرەوژوورە، ڕێژەیان (%١,١)، بە چەندبارەی(٢)کەس. ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە سامپڵی توێژینەوەکە زۆرینەیان ڕۆژنامەنوسی گەنجن لە نێوان ٢٠ ساڵ بۆ ٣٩ ساڵدان، بەڵام لە ناو سامپڵەکەدا هیچ تەمەنێک لە خوار تەمەنی(٢٠ ساڵ)ەوە نییە، بۆیە توێژەر لە ناو هاوکۆلکە ئامارییەکاندا ئەم دەستەی تەمەنەی هەژمار نەکردووە.

3) دابەش کردنی سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی پیشەی میدیاییان: پیشەی میدیایی بەرتوێژانی توێژینەوەکە دابەش بوون بەسەر، (%٢٤,٤) پیشەیان هەواڵسازە بە چەندبارەی (٤٣). (%٢٦,١) لەوانەن کە پیشەیان پەیامنێرە، بە چەندبارەی (٤٦). لە بەرامبەردا (%٣,٤) پیشەکەیان بەڕێوەبەری نووسینە، بە چەندبارەی (٦)کەس. (%١٤,٨) دابەش بوون بەسەر ئەوانەی پیشەیان سەرنووسەرە ، بە چەندبارەی (٢٦). هەروەها پیشەی پرۆدیوسەر (%٨,٥) بە چەندبارەی (١٥)کەس. لە کۆتاییدا ئەوانەی کە پیشەی هیتریان هەڵبژاردووە، ڕێژەیان (%٢٢,٧)، بە چەندبارەی (٤٠)کەس.

4) دابەش کردنی سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی ئەزموونی کارکردنیان لە میدیادا: ئەزموونی بەرتوێژانی توێژینەوەکە دابەش بوون بەسەر، (%٤,٥) لەوانەن کە ئەزموونیان کەمترە لە ١ ساڵ بە چەندبارەی (٨) کەس. (%٢١,٦) لەوانەن کە ئەزموونیان لە نێوان ١بۆ٥ ساڵدایە، بە چەندبارەی (٣٨). لە بەرامبەردا (%٢٥,٦) لە نێوان ٦بۆ١٠ ساڵدان، بە چەندبارەی (٤٥)کەس. (%٢٧,٣) دابەش بوون بەسەر ئەوانەی کە ئەزموونیان لە نێوان ١١بۆ١٥ ساڵدایە، بە چەندبارەی (٤٨) کەس. (%١٤,٨) لەوانەن کە ئەزموونیان ١٦بۆ٢٠ ساڵە بە چەندبارەی (٢٦). لە کۆتاییدا ئەوانەی ئەزموونیان ٢١ساڵ بەرەوژوورە، ڕێژەیان (%٦,٣)، بە چەندبارەی(١١)کەس.

5) دابەش كردنی سامپڵی توێژینەوەكە بە پێی قۆناغەكانی خوێندنیان: قۆناغی خوێندنی بەرتوێژانی توێژینەوەكە، (٠,٥%) خوێندنی بنەڕەتی تەواو كردووە بەتەنها (١)كەسە. (١٠,٨%) لەوانەن كە لە ئاستی ئامادەیین، بە چەندبارەی (١٩) كەس. لە بەرامبەردا (٢٣,٣%) خوێندنیان دبلۆمە، بە چەندبارەی (٤١). (٦٠,٨%) دابەش بوون بەسەر ئەوانەی كە خوێندنی بەكالۆریۆسیان خوێندووە، بە چەندبارەی (١٠٧)كەس. لە كۆتاییدا ئەوانەی خوێندنی باڵایان تەواوكردووە، ڕێژەیان(٥,٤%) بە چەندبارەی (٨) كەس.

**سنور و بواری توێژینەوەكە:**

سنووری ئەم توێژینەوەیە خۆی لە سێ ڕەهەندا دەبینێتەوە كە بریتین لە:

یەكەم: سنووری مرۆیی: سەرجەم ئەو ڕۆژنامەنوسانە دەگرێتەوە كە لە بەشی هەواڵی كەناڵە تەلەفزیۆنییە كوردییەكاندا كار دەكەن، وە پێكهاتوون لە (بەڕێوەبەری نووسین، سەرنووسەر، هەواڵساز، پەیامنێر، پرۆدیوسەر، هیتر).

دووەم: سنووری كات: مەبەست لە چوارچێوەی ئەو ماوەیەیە كە دیاریكراوە بۆ لێكۆڵینەوە لە كۆمەڵگای توێژینەوەكە، لەم توێژینەوەیەدا كاتی پێویست بۆ ئەنجامدانی لایەنی مەیدانی توێژینەوەكە لە ڕۆژی (٢٠٢٢/٢/١) تا ڕۆژی (٢٠٢٢/٨/١)ی خایاندووە، هەر لە سەرەتای دابەشكردنی فۆڕمەكانی تایبەت بە هەردوو سامپڵ لە ڕێگەی (Google forms)، تا كۆكردنەوەی وەڵامەكان، پاشان داخلكردنیان بۆ ناو پرۆگرامی (IBM SPSS Statistics 25) و پۆلێنكردن و شیكردنەوەیان وە گەیشتن بە ئەنجامەكان.

سێیەم: سنووری جوگرافی: مەبەست لێی ئەو شوێنە یان ژینگەیەیە كە توێژەر دیاریكردووە بۆ هەڵبژاردنی بەرتوێژەكانی، كە پێكهاتوون لە كەناڵە تەلەفزیۆنییە هەواڵییەكان ئەوانەی لە هەرێمی كوردستانەوە پەخش دەكەن، وە بەدیاریكراوی كەناڵەكانی ( Kurdsat News, Rudaw, NRT, Speda, K24, GKsat, KNN, Payam).

١-٥-٥: ئامرازی كۆكردنەوەی زانیاری توێژینەوەكە:

لە توێژینەوەی زانستیدا دەشێت ئامرازێک و زیاتر بەكار بهێنرێت تا لەڕێگەیەوە بتوانرێت داتا و زانیارییەكانی توێژینەوەكەی پێ كۆبكرێتەوە، كە هەڵبەت لە توێژینەوەیەكەوە بۆ توێژینەوەیەكی تر گۆڕانكاریان بەسەردادێت. توێژەر لە ڕێگەی فۆڕمی ڕاپرسییەوە كە تایبەت بوو بە بە ڕۆژنامەنووسانی كەناڵە هەواڵییەكان لە هەرێمی كوردستان-عێراق، هەستا بە كۆكردنەوەی داتاكان، كە وردەكاری ئامانجەكانی توێژینەوەكەی لەخۆ گرتووە، وە لە ڕێگەی چەند مامۆستایەكی پسپۆڕەوە لە بوارەكانی (ڕاگەیاندن، زانستە سیاسییەكان، دەروونی و یاساییەوە ) هەڵسەنگاندنی بۆ كرا تا بتوانرێت لە ڕێژەی ڕاستی فۆرمەكە دڵنیا بین.

١-٥-٦: شێوازی شیكردنەوەی داتاكان و پێوەرە ئامارییە بەكارهاتووەكان:

لە دوای تاوتوێكردن و پیاداچوونەوەی فۆڕمی ڕاپرسییەكە، توێژەر هەستا بە پێدانی بەها بە زانیارییەكانی ناو فۆڕمەكە، پاشان لە ڕێگەی پرۆگرامی ( IBM SPSS Statistics 25)ەوە بە سوود وەرگرتن لەم هاوكێشە ئامارییانە، شیكاری بۆ زانیارییەكان و تاقیكردنەوەی پەیوەندی نێوان گۆڕاوەكان ئەنجامدا:

1. ئاماری چۆنییەتی تایبەت بە دابەشكردنی چەندبارەكان، بەئامانجی خستنەڕوو و ناساندنی سامپڵی توێژینەوەكە و بەراوردكرنیان، بە ڕێگەی (ڕێژەی سەدی %).
2. تاقیكردنەوەی (T-Test) بۆ دەرخستنی جیاوازی لە نێوان ناوەندەژمێرەی دوو كۆمەڵگەی جیاواز، دیاریكردنی ئاماژەكان لە نێوان ناوەندەژمێرەی دوو سامپڵی كە لادانی پێوەرییان زانراو بێت.
3. شیكاری جیاوازی (ANOVA) بۆ دەرخستنی ئاستی ئاماژەی جیاوازییەكان لەنێوان كۆمەڵەكاندا.
4. تاقیكردنەوەی "پێرسۆن" بۆ گەیشتن بە ئاستی پەیوەندی نێوان دوو گۆڕاو.

## بەشی دووەم
## لایەنی تیۆری

**لایەنی تیۆری و شیكردنەوەی چەمكەكانی توێژینەوەكە:**

**باكگراوندی فیكری و تیۆری پێوەرە پیشەییەكان لە كاری میدیاییدا:**

سەرباری پەیوەندی ئازادی مافەكانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەكان بە چەرخی ڕۆشنگەرییەوە، ئەو پەیوەندییە بەهیچ شێوەیەک ئاماژە بۆ لێكدابڕان ناكات، بەڵكو بە پێچەوانەوە ئاماژەی بەردەوامی لەگەڵ ئەو تەوژمە هزرییانە لەخۆ دەگرێت، كە بە بەرهەمی فەلسەفەی مافە سروشتییەكان هەژمار دەكرێت، ئەوەش ئەو تەوژمانەن كە لە ناوەڕۆكدا و لە سیستمی كۆمەڵگادا هەڵگری شۆڕشێكن بەسەر چەمكە ئایینییەكان لە ڕێكخستنی كۆمەڵگادا، ئیدی جیاوازی نییە لە ڕووی ئابورییەوە بێت بەوەی پاڵپشتی لە قازانج و سامان و موڵكایەتی تایبەتی بكات، یان لە ڕووی سیاسییەوە بەوەی چەندین مشتوومڕ دەربارەی چەمكی سەروەری لەخۆبگرێت.

ئەم مشتوومڕەش لە دامەزراندنی كۆمەڵگەیەكی سیاسی سەربەخۆوە سەرچاوە دەگرێت كە لەهەموو مۆركێكی ئاینی داماڵرابێت، هاوكات بنەمایەكی دونیایی بە یاسا دەبەخشێت و لە چوارچێوەی دەوڵەتدا و لە كەسی فەرمانڕەوادا حوكمەكان یەكدەخات و پەیڕەویان دەكات و مامەڵەیان لەگەڵ دەكات، ئەوەش لەخۆیدا مشتومڕێكە كە مرۆڤ دەگەیەنێت بە لەنگەرگرتنی چەمكی سەروەری، بەوپێیەی چەمكێكی هاوبەشە لەنێوان تەواوی سیستەمەكانی وەک: (دیمۆكراسی، پاشایەتی یان ئەرستۆكراتی)، ئەو چەمكەی كە "گریگۆس" بەمەبەستی دانانی بناغەی یاسای نوێ؛ پشتی پێبەست، هەر هەمان ئەوە بوو كە"جان جاک ڕۆسۆ" لە دوتوێی ئەوەی كە ناوی لێنا "یاسای سیاسی"، خستییە بەر باس و لێكۆڵینەوە.

بێگومان گرنگی تیۆری گرێبەستە كۆمەڵایەتییەكان كە لەلای ڕێبەرانی وەک "تۆماس هۆبس و جۆن لوک و جان جاک ڕۆسۆ" گەشەی كردووە، دانپیانانە بە مافە سروشتییەكان پێش كۆمەڵگەی سیاسی، هاوكات لە دامەزراندنی مۆركی مرۆڤایەتی بۆ ئەو دەوڵەتە، كە لە گرێبەستێكی ئازادی نێوان تاكەكان و لە ئیرادەی خودی تاكەكانەوە هەڵقوڵابێت. فەیلەسوفی ئینگلیزی "جۆن لوک" لە نێوان ئەوانی دیدا زیاتر دەردەكەوێت، چونكە لەلای ئەو هەست بە بوونی ئەو مافە سرووشتیانە دەكەین كە چۆن پێش ئەو كۆمەڵگە سیاسییە كەوتووە (رقية المصدق ، 1999، ص 25).

سەرەڕای لێكچونەكان دەربارەی تیۆری كۆمەڵایەتی لە نێوان هەر سێ فەیلەسوفی ناودار "تۆماس هۆبز، جان جاک رۆسۆ، جۆن لوک"، بەڵام لە زۆر لایەنەوە ناكۆكن لەبارەی دەوڵەتی سروشت و ئەو ڕەگەزانەی كە پاڵنەر بوون بۆ بەستنی گرێبەستی كۆمەڵایەتی. بەبڕوای ئەو بیرمەندانە، بریتییە لەوەی كە مرۆڤ لە ڕابردوودا لە دەوڵەتی سروشتتدا دوور لە دەسەڵات و یاساكان ژیانیان ڕێكدەخست.

"هۆبز" ڕای وایە " دەوڵەتی سروشت " جێی دڵخۆشی نییە، چونکە ژیانی ئەوکات پڕ بووە لە سەرکێشی و ترس و خۆپەرستی، مرۆڤەکان بێ دەسەڵاتێکی هاوبەش لە جۆرێک بێسەروبەری مەترسیداردان. لەو هەلومەرجەدا گەر بیانەوێت گرێبەستی کۆمەڵایەتی ببەستن پێویستە لە سەرجەم ماف و ئازادییەکانیان خۆشبن و گوێڕایەڵ بن بۆ ئەو دەسەڵاتەی دەبێتە حاکمی ڕەها و هیچ کەس مافی نییە دژی بوەستێتەوە.

بەدەر لەوەی کە"هۆبز" لایەنگری حوکمی ڕەهایە، لە لایەکی ترەوە ڕای وایە کە خەڵکی پارێزگاری لە ئاشتی و ژیان و بەرەوپێشچوون دەکەن، کەواتە مافیان هەیە، بەرپرسیارێتی ئەخلاقی لەسەر دەسەڵات داناوە کە پێویستە پابەندبێت لەڕێگەی یاسای سروشتییەوە.

"جان جاک ڕۆسۆ" وای دەبینێت کە خەڵکی لە دەوڵەتی سروشتدا کۆمەڵێک سوود و باشی لە سروشت وەردەگرن، پێیوایە ئەوەی لە گرێبەستی کۆمەڵایەتیدا لەدەستی دەدەن ئازادییە سروشتی و مافە پابەند نەکراوەکانە لە هەر شتێک کە بیانەوێت، بەڵام ئەوەی بەدەستی دێنن ئازادییە مەدەنی و موڵکییەکانە لەو شتانەی کە هەیانە. بەلای "ڕۆسۆ"وە؛ بۆ ئەوەی مرۆڤ ئازاد بێت، پێویستە لە سەرجەم مافەکانی خۆشبێت بەرامبەر بە کۆمەڵ، لەو کاتەدا مافی خۆی ناداتە کەسێکی تر، بەڵکو هەموان ملکەچ دەبن بەوەی کە ڕۆسۆ ناوی دەبات بە "خواستی گشتی".

"جۆن لوک" دژ بە "هۆبز" دەوەستێتەوە، کە حاڵەتی سروشت بەدبەختی بێت، بەڵکو بە بابەتی ئازادی تەواوی لەقەڵەم دەدات، وایدەبینێت کە هەرکەسێک لەتوانایدایە گوزەرانی ژیانی بەوجۆرە بەڕێبکات کە دەیەوێت، لە دەوڵەتی سروشتدا هەموو کەس یەکسان و سەربەخۆ و ئازادە لە دەخالەتکردن لە ئەوانی دی، هەرچەند دەسەڵاتی مەدەنی بونی نییە بۆ پاراستنی سیستم، بەڵام خەڵکی پابەندن بە جۆرێک لە ئەخلاقەوە (نبيل عبد الحميد عبدالجبار ، 2009، ص 156-157-162).

## ژینگەی پیشەیی و فشارەکانی لەسەر پەیامە میدیاییەکان:

فشارە پیشەییەکانی میدیا؛ بەوە لە فشارەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیدارە بە ڕۆژنامەنووسان لەناو دەزگا میدیاییەکاندا، لەکاتی پەیڕەوکردنی پیشەییاندا بەرکەوتەی دەبن و ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر پەیامە میدیاییەکان و هەڵسوکەوتی پیشەییان بەجێ دەهێڵێت. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر بەباشی زانی کە فشارە پیشەییەکانی سەر ڕۆژنامەنووسان بەم شێوەیە بخاتەڕوو:

## سیاسەتی ئامرازە میدیاییەکان:

سەرەتا پێویستە جیاکاری لە نێوان ژینگەی سیاسی میدیا و سیاسەتی دەزگا میدیاییەکان بخەینەڕوو، کە یەکەمیان گوزارشتە لەو ژینگە سیاسییە گشتییەی میدیا کاری تێدا دەکات، وە لە کۆمەڵێک بنەما و پێوەرپێکهاتووە کە کۆنترۆڵی پرۆسەی ڕێکخستن و بەڕێوەبردن و چاودێریکردن و هەڵسەنگاندنی کۆمیونیکەیشنی میدیا دەکەن لە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا، بەڵام سیاسەتی دەزگا میدیاییەکان بریتین لەو ئاراستە فیکری و سیاسییانەی گوزارشت لە دەزگا میدیاییەکان دەکەن، لەسەر ئەو بنەمایانەش ڕێسای کارکردنیان دیاریدەکرێت کە کۆنترۆڵی پرۆسەی هەڵبژاردنی هەواڵ و چارەسەرکردنیان دەکرێت لەڕێگەی شیکردنەوە و شرۆڤەکرنەوە، دەرەنجام بە کۆی گشتی کاریگەر دەبێت بە ژینگە سیاسییە گشتییەکە (سامية أحمد هاشم ، 2006، ص 104).

بەشێوەیەکی گشتی سیاسەتی دامەزراوە میدیاییەکان شتێک نییە لەشێوەی نوسینەکیدا بخرێتە بەردەم ڕۆژنامەنووسان، بەڵکوو لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسە بەئەزموونەکانەوە یان کەسی یەکەمی دەزگاکە بەردەوام ڕێنمایی دەکرێن تا ئاشنا دەبن بەوەی کە چ شتێک گونجاوە بۆ بڵاوکردنەوە یان نەگونجاوە. کەسی یەکەمی دەزگا میدیاییەکان یان ئەوەی خاوەنداریێتیان دەکات، ڕێگری دەکەن لە بڵاوکردنەوە و پەخشکردنی بابەتە وروژێنەر و نایاساییەکان و تاوتوێی بابەتەکان دەکەن و قەدەغەکراوەکان لادەبەن و هێڵی سوریان بۆ دادەنێن، لە هەرێمی کوردستانیش زۆرکات سەرنووسەرەکان یان بەڕێوەبەرەکان سانسۆری بابەتە میدیاییەکان دەکەن و بڕیار لەسەر ناوەڕۆکی پەیام و شێوازی ئاراستەکردنی دەدەن، بەو پێیەی ئەوان بە ووردی ئاگاداری ستراتیژی حزب و دەسەڵاتەکەیین، کۆمەڵێک ڕێنماییان لەبەردەستدایە لەسە بنەمای سیاسەت و ڕێنماییەکانی حزب یان کەسی خاوەندار دەستەبژێری بابەتەکان دەکەن و پاشان بڕیار لەسەر بڵاوکردنەوەیان دەدەن، کەواتە بەشێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستان چوارچێوەی ئایدۆلۆژی خاوەنی دامەزراوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ سانسۆرە لەسەر پەیامی دامەزراوە میدیاییەکان(كارزان محەمەد، 2011، ل 152-153).

## سەرچاوەکانی هەواڵ:

بەرهەمهێنانی هەواڵ لە هەر ئامرازێکی میدیاییدا پێویستی بە سەرچاوەی جێگیر و جۆراوجۆری هەواڵ هەیە تا بتوانێت بەردەوام بێت و درێژە بە پرۆسەکە بدات، بۆیە میدیا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە کە دەستەبەری پەیوەندییەکانی لەگەڵ زۆرترین سەرچاوەی متمانەپێکراو و بەئاگادا بکات، کە لە توانایدا بێت بەردەوام بە شێوەیەکی ڕێک و پێک هەواڵ و زانیارییەکانی پێبدات. بۆیە پەیوەندی نێوان میدیا و سەرچاوەی زانیارییەکان پەیوەندییەکی بەهێز و تەواوکەرە تا ئەو ڕادەیەی زۆرێک لە توێژینەوەکان پێیان وایە بەو پێیەی سەرچاوە هەواڵیەکان بۆ ڕۆژنامەنووسان گرنگییەکی زۆر هەیە، بۆ ماوەیەکی کورت مەودا دەشێت ڕۆژنامەنووسان خۆیان لە جەماوەرەکانیان بەدوور بگرن، بەڵام هەرگیز ناتوانن خۆیان لە سەرچاوەی زانیارییەکانیان بەدوور بگرن، سەرچاوەکان بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدان کە میدیا و ڕۆژنامەنووسان کۆنترۆڵ بکەن، بۆیە هەندێک جار ئەستەمە ڕۆژنامەنووس بتوانێت پێوەری سەربەخۆیی لە گەیاندنی زانیارییەکاندا زامن بکات (صباح عواد محمد ، 2017، ص 416).

بەشێوەیەکی گشتیش پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەیامی میدیایی لە سێ سەرچاوەوەی سەرەکییەوە سەرچاوەی گرتووە، یەکەمیان؛ خودی ڕۆژنامەنووسان خۆیانن لەسەر ئاستی جیاواز، کە چاودێری و بەشداری دەکەن لە درووستکردنی هەواڵەکان و بەرپرسیارێتی هەڵبژاردن و گێڕانەوەی هەواڵەکان لە ئەستۆ دەگرن، ئەمەش بەسوود وەرگرتن لەو ژێرخانە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و پیشەییانەی هەیانە بۆ ئاراستەکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵ. دووەمیشیان؛ بریتین لەو کەس و لایەنانەی کە ڕۆژنامەنووسان بۆ وەرگرتنی زانیارییەکانیان پشتیان پێدەبەستن و لە زمانی ئەوانەوە زانیارییەکانیان دەخەنەڕوو. سەرچاوەی سێیەمیش لە ئاژانسەکانی هەواڵ پێکهاتووە (علم الدين عبدالله أحمد ، 2006، ص94).

## پەیوەندیەکانی کارکردن و فشارەکانی:

مرۆڤایەتی وەک ئامرازێک بۆ مانەوە تەماشای کاری کردووە، بەڵام کەمن ئەوانەی کارکردن وەک ئامانج بۆ سوود گەیاندن بە بەرامبەر تەماشا دەکەن، چەمکی کار لە زمانەوانیدا پێناسە کراوە بەوەی کە کردەیەکە یان پیشەیەکە مرۆڤ لەبەرامبەر کرێیەکدا پراکتیزەی دەکات و گەرەنتی ژیانی دەکات. لەبەرامبەردا فشارەکانی کارکردنیش بریتییە لە کۆمەڵێک بزواندن کە لەژینگەی میدیاییدا بوونیان هەیە، کە هۆکارن بۆ بەرهەمهێنانی

کۆمەڵێک پەرچەکردار لە کاردا کە لە ڕەفتار یان دەروون یان جەستەی تاکەکاندا بەدەردەکەوێت، یان بەشێوەیەک لەشێوەکان لە ئەنجامی بەرکەوتنیان یان کارلێکیان بەژینگەی دەورووبەر لەئەدایاندا ڕەنگ دەداتەوە (عبد المجيد أونيس، ص 7-9).

تویژەران لەسەر ئەوە کۆکن کە پەیوەندییەکان لە ناو کاردا وەک فشارێکی پیشەیی لە هەر ئامرازێکی میدیاییدا ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕۆژنامەنووسان هەیە، یەکێک لەو پەیوەندیانە پەیوەندی نێوان هاوپیشە ڕۆژنامەنووسەکانە کە ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی دەخوڵقێنێت، وادەکات گرووپ پێکبهێنن و لەو ڕێگەیەوە مامەڵە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا دەکەن، بەو مانایەی کە ڕۆژنامەنووس کاریگەری کۆمەڵایەتی و پیشەیی هاوپیشەکانی لەسەرە و زۆرجار دەکەوێتە ژێر فشاریانەوە، ئەمەش وادەکات بۆ زۆر پرس وەک پاڵپشتێکی مەعنەوی پشتیان پێببەستێت کە دەشێت بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتێک چارەسەرییەکانی وەک چاوپێکەوتن، دۆکیومێنت..تاد کاریگەری ئەو پاڵپشتییەی لەسەر بەدەر بکەوێت(حسن عماد مكاوي و ليلى حسين السيد، 1998، ص 183). "ماکوێل" لەوبارەیەوە پێی وایە تەنانەت لەکاتێکدا ڕۆژنامەنووس زانیاری تەواوی لەسەر جەماوەرەکەی نەبێت، پەنا بۆ وێناکردنی جەماوەرەکەی دەبات، لەسەر بنەمای ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتییەی کەشی کارکردن بۆی فەراهەم کردووە پاشانیش لە خستنەڕووی ناوەڕۆکی زانیارییەکانیشدا ڕەنگ دەداتەوە.

کەواتە پێکهێنانی گرووپەکانی کار کاریگەری بەهێزیان لەسەر ڕۆژنامەنووس هەیە بەشێوەیەک لە دەستە و گروپەکانی تری کۆمەڵگەی دابڕیوە، ڕەفتار و شێوازی کارکردنی پەیوەستە بەوەی کە لەگەڵ ئەندامانی گرووپەکەیدا هاوبەشی دەکات چ لە ناوخۆی دەزگاکە بێت یان لەدەرەوە. کاریگەری ئەم پەیوەندییە لەسەر ڕۆژنامەنووس تاڕادەی پاڵپشتی مەعنەوی دەڕوات، کە لەسەرەتادا چاو لە هاوپیشەکانی دەکات پاشان سەردەکێشێت بۆ پشتبەستن بە تێبینییە خودییەکان لەدارشتنی بابەتەکاندا. بەم شێوازە ڕۆژنامەنووس بێ ئەوەی لەلایەن بەرپرسانی دەزگاکە یان لەڕێگەی نوسراوەوە لە سیاسەتی دەزگاکە ئاگادار بکرێتەوە، لە ڕێگەی گرووپ و هاوپیشەکانی یان بەڕێگەی تێبینیکردن بە بەشداریکردن، لەهەموو ئەو شتانە تێدەگات کە چۆن و چ بابەتێک شیاوە بۆ بڵاوکردنەوە یان ڕێگەپێدراو نییە و پێویستە خۆی لێیان بەدووربگرێت (بەهات حسيب علي، ص 99).

**وەرگر:**

وەرگر بە ئامانجی سەرەکی و کۆتایی پرۆسەی کۆمیونیکەیشن دادەنرێت، هەر کاتێک ڕۆژنامەنووس بیرۆکەی تەواوی دەربارەی توانا هزری و تایبەتمەندییە دەروونی و سۆزەکی و تایبەتمەندییە سەرەتاییەکانی جەماوەرەکەی لەلا نەبێت، هەرچەند ئەو پەیامانەی ئاراستە دەکرێن بە باشترین پرۆسەی بەرهەمهێناندا تێپەڕ بووبێتن، ئەوا دەبنە لەمپەر لەبەردەم گەیشتن بەجەماوەر و باوەڕپێهێنانیان (منى سعيد الحديدي و سلوى امام على، 2004، ص 93)، کە هەڵبەت لەم پرۆسەیەدا گۆڕاوگەلێکی زۆر هەن ئەو کاریگەرییە لەسەر ناوەڕۆکی بەرهەمە میدیاییەکان بەجێ دەهێڵن، هەندێکیان دیمۆگرافین وەک: ڕەگەز، ئاستی خوێندەواری، تەمەن، شوێنی نیشتەجێبوون. هەندێکی تریان سرووشتی سایکۆلۆژیان هەیە وەک: بەهاکان، کەسایەتی، هەوەس و مەیلەکان بیروبۆچوون، هەست و سۆز..تاد (وسام فاضل راضي و مهند حميد التميمي ، 2017، ص 56).

تا کۆتایی سییەکانی سەدەی ڕابردوو باوەڕەکان بۆ ئەوە دەچوون کە لەژێر سایەی تیۆرە بەهێزەکانی کاریگەری میدیا جەماوەر لەبەردەم ئەو کاریگەرییانەدا دەستەوسانە و هیچ توانایەکی نییە، بەڵام دوای ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر جەماوەر و ڕۆڵی لە پرۆسەی کۆمیونیکەیشندا ئەنجام دران، دەرکەوت کە ئەو بۆچوونانە بەهەڵەدا چوون، وەرگر لەم نێوەندەدا وەک بەشداربوویەکی کارا ڕۆڵی کاریگەر دەگێڕێت و ڕەگەزێکی سەرەکی پرۆسەی کۆمیونیکەیشنە و ناتوانرێت ئەو ڕۆڵەی فەرامۆش بکرێت (دحام علي حسين العبيدي، 2005، ص 49). کە بەدڵنیاییەوە ئەم تێگەیشتنە کاریگەری لەسەر بڕیارەکانی ڕۆژنامەنووس بەجێ دەهێڵێت، بەشێوەیەک هەوڵ دەدات ئەو ناوەڕۆکە پێشکەش بکات کە تا ڕادەیەک باشترە لەوەی کە جەماوەرەکەی داوایان دەکات، کە ئەمەش کەمێک ئەستەمە چوونکە بەردەوام گرنگیپێدانی جەماوەر لەگۆڕاندایە و جێگیر نییە (حسن عماد مكاوي و ليلى حسين السيد، المصدر السابق, ص١٨٣).

**بەهاکانی هەواڵ:**

تێگەیشتنی ڕۆژنامەنووس لە گرنگی هەواڵ، یارمەتی سەرکەوتنی دەدات لە هەڵبژاردنی ئەو هەواڵە گرنگ و ڕاستەی کە جێگەی گرنگیدان و پێداویستی جەماوەرەکەیەتی، بە ئامانجی ڕاکێشانی سەرنجێتی، کەگرنگییەکی بێ وێنەی هەیە لەم سەردەمە کە بە لێشاوی زانیارییەکان ناودەبرێت. بۆیە "دۆن کلارک" بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی وۆڵ ستریت وایدەبینێت کە هەواڵ هەرشتێکە کە کاریگەری لەسەر زۆرتری کەس درووست بکات (خالد مجد الدين محمد، 2007، ص 25). یان دەتوانین هەواڵ بەوە پێناسە بکەین کە ئەو ڕووداوانەن ڕۆژانە ڕوو دەدەن و بۆ داهاتوو دەبنە مێژوو. یان ئەو پرۆسەیەیە کە لە ڕێگەیەوە کۆزانین بۆ تاک فەراهەم دەکات لەبارەی چەوهەری ڕووداوەکان لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا (عبدالجواد سعيد محمد ، 2005، ص 51).

لەگەڵ دیاریکردن و تێگەیشتن لە مانای هەواڵ، پێویستە ڕۆژنامەنووسان لەو بنەما و بەهایانەش تێبگەن کە پێویستە هەواڵێک لەخۆی بگرێت، چوونکە دیاریکردن و خستنەڕووی بەهاکانی هەواڵ بۆ ڕۆژنامەنووسان گرنگییەکی زۆری هەیە، بۆیە پێویست دەکات لە چەند پێناسەیەکدا ئەو گرنگییە بخەینە ڕوو.

بەها هەواڵییەکان ئەو پێوەرانەن کە لە هەڵبژاردەی نێوان هەواڵێک وئەوی دیدا لەسەر بەنەمبنای ڕەگەزەکانی، تایبەتمەندی، ئاماژەدان، واتاکان...تاد ڕۆڵدەگێڕن، یان ئەو ڕەگەزانەی کە مافی پێشکەوتەی هەواڵێک لەسەر هەواڵێکی تر دیاریدەکات (محمد سلمان الحتو ، 2012، ص284).

کەواتە لەو پێناسانەوە دەتوانین بڵێین بەها هەوڵییەکان ئەو کۆمەڵە پێوەرانەن کە لەڕێگەیانەوە ڕۆژنامەنووسان بڕیار لەسەر کۆکردنەوە و دارشتن و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان دەدەن، بەواتای ئەوەی تا لە ڕووداودا زیاتر ڕەنگ بداتەوە، هەلی بڵاوکردنەوەی ئەو ڕووداوە وەک هەواڵ زیاتر دەبێت، بە پشتبەستن بەوەی باسکران بۆمان دەردەکەوێت کە بەها هەواڵییەکان هەمەجۆر و هەمەچەشنن، هەموو ئەو شتانەن کە دەبنە جێی بایەخی جەماوەر، بەڕەچاوکردنی باری ئابووری، دەروونی، کۆمەڵایەتی، ئاکاری و لایەنی جوانی. کە هەڵبەت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و جیاوازن، بۆیە لێرەدا کۆمەڵێک لەو بەهایانە دەخەینە ڕوو:

١-پێشبینیکردن Anticipation: بەواتای بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە پێشبینی ڕوودانیان دەکرێت لە داهاتوودا و مایەی گرنگیپێدانن لای جەماوەر. گرنگیدان بەم بەهایە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە تا چەند ئەو هەواڵە توانای پێشبینیکردن و ئەنجام لای جەماوەر دەوروژێنێت (مشعل سلطان عبدالجبار ، 2012، ص82).

٢-وروژاندن (Exeitement): مەبەست لێی ئاماژەدانە بەو تایبەتمەندیانەی کە لە هەندێک ڕووداودا هەن، لە ڕێگەی وروژاندنی هەست و نەستەوە تا ڕادەیەکی زۆر سەرنجی وەرگر بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، بۆیە تا چەند هەواڵ ڕەگەزی وروژاندنی زیاتر تێدا بێت، بەهای گرنگیەکەی زیاتر دەبێت (ظ، 2018، ل 45).

٣-نزیکی (Proximity): لەڕووی جوگرافی و کەلتوریەوە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی هەواڵ، کە لەلایەن وەرگرەوە گرنگی زۆری پێدەدرێت بە پێی ڕێژەی هەواڵەکە لە رووی نزیکی لە(گەڕەکەکەی، شارەکەی، ناوچەکەی، وولاتەکەی، دواجار لەسەر ئاستی جیهان)، کە هەڵبەت تا هەوڵەکە زیاتر نزیکتربێت، ئەوا ئاستی گرنگیپێدانی لای وەرگرەوە زیاتر دەبێت (خالد مجد الدين محمد، 2007، ص 32).

٤-نامۆیی (Novelty): ئەو ڕووداو و ڕارودۆخانەن کە ئاماژەن بۆ هەرشتێکی نامۆ و چاوەڕواننەکراو، بەواتای سەرنجڕاکێش و ناوازەن و شتێک نیین هەموو ڕۆژێک دووبارە ببنەوە، لەڕێگەی ڕەگەزی بزواندنی هەست و نەستەوە حەزی زانین لای وەرگر زیاد دەکات، میدیای باو زیاتر بەدوای ئەم جۆرەوەیە، لەو دیدەوە کە مرۆڤەکان حەزیان بۆ بابەتی نامۆ و جیاواز زیاترە و هەموو شتێکی قەدەغەکراو خوازراوترە (مشعل سلطان عبدالجبار، 2012 ص 82).

٥-نوێ (Currency): ئەرک و جەوهەری هەر پەیامێکی میدیاییە، لەکاتێکدا گەر هەواڵ بەهای پیشەیی لەڕێگەی داڕشتن و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان و بەجێهێنانی ڕێسای پیشەکەی بەدەستبهێنێت، بەها مەعریفییەکەی بەدەست ناهێنێت هەتا مەعرفەی تازە پێشکەش نەکات، ئەو مەعریفەیەی کە زانیاری تازە بۆ وەرگر زیاد دەکات (دحام علي حسين العبيدي، المصدر السابق, ص٤٠).

٦-قەبارە (Size): ئەم بەهایە لەکاتێکدایە کە ویست هەبێت بۆ گەورەکردنی ڕووداوێک، بەشێوەیەک هەتا ژمارەی کەسەکان یان قەبارەی ژمارەکان لە هەواڵێکدا زیاتر بێت، ئەوا ئەو هەواڵە بەهای هەواڵی زیاتر بەدەست دێنێت. کە بەشێوەیەکی بەرچاو ڕۆڵ دەگێڕێت لە بڵاوکردەوە یان بڵاونەکردنەوەی هەر هەواڵێکدا. بەو مانایەی ڕووداوێکی گەورە دەشێت سەرنجی زۆرترین بینەر بۆ خۆی ڕادەکێشێت و پەیوەندیدار بێت بە بەرژەوەندی خەڵکانێکی زۆرەوە، دەشێت وەک ئەوەی کە ١١ی ڕەزبەر لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕوویدا یان بابەتێک پەیوەندی بە باری ئابوورییەوە هەبێت (علم الدين عبدالله أحمد، مصدر سابق, ص٧٨).

٧-ناوبانگ (Prominence): لێرەدا گرنگی هەواڵ بە پێی گرنگی کەسایەتی ناو ڕووداوەکە دیاری دەکرێت، بەو مانایەی تا ناوبانگی کەسایەتی ناو هەواڵ زیاتر بێت ئەوا گرنگی هەواڵەکە زیاتر دەبێت و هەلی بڵاوکردنەوەی زیاتر دەبێت. هەرچەندە ناتوانرێت ناوبانگ بە تەنیا لە کەسایەتیدا کورت بکرێتەوە، بەڵکوو شوێن و دۆز و ئەو شتانەش دەگرێتەوە کە ناوبانگیان لەسەر ئاستی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانیشدا هەیە (عبدالجواد سعيد محمد، 2005، ص 73).

٨-کاریگەری (Impact): کاریگەری ڕووداوێک بڕیار لەسەر شایستەیی هەواڵەکە دەدات بۆ بڵاوکردنەوە، تا خەڵک زیاتر بەشداربن لە ڕووداوێکدا، ئەگەری بەهێزی چیرۆکەکە زیاتر دەبێت، پرسە تەندروستییەکان و خۆشگوزەرانی و ئاسایشی نیشتمانی کاریگەری گەورەیان هەیە (https://owenspencer-thomas.com/journalism/newsvalues).

## بەشی سێیەم
## لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

**لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە:**

**پێشەکی:**

بە ئامانجی گەیشتن بە ڕای ڕۆژنامەنووسان سەبارەت بە (ڕۆڵی ژینگەی پیشەیی لە سازاندنی پەیامی کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان)، توێژەر فۆرمێکی ڕاپێوی ئامادەکرد. سەرئەنجام لە ڕێگەی خستنەڕووی ڕاستی ڕواڵەتی و جێگیری بۆ فۆرمی ڕاپرسییەکە، دەرکەوت ڕێککەوتنی هەڵسەنگێنەران بە ڕێژەی (٨٧%) هاوڕابوون، هەروەها بەمەبەستی بەدەستهێنانی جێگیری باوەڕپێکراو یان هاویەکی (الموثوقية أو الاتساق)، توێژەر هاوکۆلکەی (Cronbach's Alfa)ی بۆ فۆرمی ڕاپرسییەکە بەکارهێنا، وە بە ڕێژەی (٩٢%) فۆرمی ڕاپێوییەکە جێگیرییەکەی لە ئاستێکی باشدایە و دەتوانرێت لەوبارەیەوە متمانەی پێ بکرێت.

٣-١: بۆچوون و ئاراستە سیاسی ڕۆژنامەنووسانی کەناڵە تەلەفزیۆنییە هەواڵییە کوردییەکان:

**خشتەی (٢)**

**ئاراستە و بۆچوونی سیاسی سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی ئەو کەناڵەی ڕۆژنامەنووسان کاری تێدا دەکەن**

| ئاراستەی سیاسی / کەناڵ | حزبی | | بێلایەن | | لایەنگر | | کۆ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % |
| kurdsat news | ٧ | ٨٧,٥ | ١ | ١٢,٥ | - | - | ٨ | ١٠٠ |
| Rudaw | ٣ | ١٨,٨ | ١١ | ٦٨,٨ | ٢ | ١٢,٥ | ١٦ | ١٠٠ |
| NRT | - | - | ٣٤ | ٩٤,٤ | ٢ | ٥,٦ | ٣٦ | ١٠٠ |
| Speda | ١٩ | ٨٦,٤ | ١ | ٤,٥ | ٢ | ٩,١ | ٢٢ | ١٠٠ |
| K24 | ١ | ١١,١ | ٨ | ٨٨,٩ | - | - | ٩ | ١٠٠ |
| GKsat | ٣٧ | ٩٢,٥ | ١ | ٢,٥ | ٢ | ٥ | ٤٠ | ١٠٠ |
| KNN | ٨ | ٢٩,٦ | ١٧ | ٦٣ | ٢ | ٧,٤ | ٢٧ | ١٠٠ |
| Payam | ١١ | ٦١,١ | - | - | ٧ | ٣٨,٩ | ١٨ | ١٠٠ |
| کۆ | ٨٦ | ٤٨,٩ | ٧٣ | ٤١,٥ | ١٧ | ٩,٧ | ١٧٦ | ١٠٠ |

وەک لە خشتەی (٢) دەردەکەوتووە:

لە ئەنجامی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە، سەبارەت بە بۆچوون و ئاراستەی سیاسی ڕۆژنامەنووسان لە ژووری هەواڵی کەناڵە تەلەفزیۆنییە کوردییەکان، لە کۆی گشتی دەرکەوت؛ بە ڕێژەی (٤٨,٩%)ی ڕۆژنامەنووسانی کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە پەیوەستبونیان بە حزبی سیاسییەوە هەیە، وە ڕێژەی (٤١,٥%) بێلایەنن، ئەوانەشی کە بە تەنها لایەنگری حزبێکی سیاسین ڕێژەی (٩,٧%)ی سامپڵەکەیان پێکهێناوە. لە حاڵەتی کۆکردنەوەی بۆچوون و ئاراستەی سیاسی (حزبی و لایەنگر)، دەردەکەوێت کە لە نیوە زیاتر، بەڕێژەی (٥٨,٦%) پشتگیری لەو حزبە دەکەن کە خاوەندارێتی ئەو کەناڵە دەکات کە ڕۆژنامەنووسان کاری تیادا دەکەن. ئەوەی جێگەی سەرنجە

سەبارەت بە ئاراستەی ڕۆژنامەنووسانی کەناڵی (Rudaw)ە، بەڕێژەی (٦٨,٨%) بێلایەنن و سەر بە هیچ حیزبێک نین، بەڵام لە خشتەی ژمارە (٣) و بە بەهای جیاوازی ناوەندەژمێرەی (٠,٥٣) بەرتوێژان ڕاو بۆچوونیان لەگەڵ دەزگاکانیاندا جیاوازە لەسەر پەیام و ئاراستە میدیاییەکان، کە ڕێژەیەکی هێندە کەمە دەگاتە ئەو ئاستەی بڵێین ڕۆژنامەنووسانی سەرجەم کەناڵەکان بە (ڕووداویشەوە) تەواو هاوڕان لەگەڵ ئاراستە و بۆچوونی کەناڵەکانیان. بەڕای توێژەر گەر ئەو ئەنجامانەی سەرەوە بەهەند وەربگرین دەردەکەوێت، ئەو هەواڵانەی ڕۆژنامەنووسان لە کەناڵە تەلەفزیۆنیە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان-عێراق بڵاوی دەکەنەوە، هەژموون و کاریگەری حیزبی، یەکێکە لەو پاڵنەرانەی وا لە ڕۆژنامەنووس دەکات بۆچوون و ئاراستەی سیاسی زاڵ بێت بەسەر پەیامەکانیاندا، بەشێوەیەک وادەکات تاڕادەیەک ڕۆژنامەنووسان نەتوانن پابەندی ئاکار و پێوەرە پیشەییەکان بن لە دارشتنی پەیامە میدیاییەکانیاندا. ئەمەش لەگەڵ ئەنجامی ماستەرنامەی (خليل ابراهيم) (خليل ابراهيم فاخر، 2008، ص 158) دیتەوە کە ڕێژەی (٦٧,١٣%)ی بەرتوێژەکانی پێیان وایە کە بە ویست بێت یان نا؛ پابەندییە سیاسیەکانیان وێنەیەکی نەرێنی لەسەر پیشەییبوونیان بەجێدەهێڵێت.

**بۆچوونی ڕۆژنامەنووسان و ئەو دەزگایەی کاری تێدا دەکەن لە بارەی ڕووماڵی هەندێک لە پرسەکان:**

**خشتەی (٣)**

**بۆچوونی ڕۆژنامەنووس و دەزگاکەی لەبارەی ئەو ڕووداوانەی ڕوو دەدەن**

| | بۆچوونی ڕۆژنامەنووس | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | لەگەڵیدام (ج) | هەندێکجار (ج) | لەگەڵیدانیم (ج) | ناوەندەژمێرە | لەگەڵیدایە (ج) | هەندێکجار (ج) | لەگەڵیدانییە (ج) | ناوەندەژمێرە | پەیوەندی پێرسن | ئاستی بەڵگەداری |
| ١- خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان. | ٩١ | ٧٩ | ٦ | ٢,٤٨ | ١٠٨ | ٦٣ | ٥ | ٢,٥٩ | (*)٠,٦٤١ | ٠,٠٠٠ |
| ٢- ڕوماڵی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد. | ١٣٦ | ٣٦ | ٤ | ٢,٧٥ | ١٤٢ | ٣٠ | ٤ | ٢,٧٨ | | |
| ٣- چالاکییەکانی حکومەت. | ٥٠ | ٩٢ | ٣٤ | ٢,٠٩ | ٦٤ | ٩١ | ٢١ | ٢,٢٤ | | |
| ٤- چالاکییە حیزبییەکان. | ٣٣ | ٨٥ | ٥٨ | ١,٨٦ | ٥١ | ١٠١ | ٢٤ | ٢,١٥ | | |
| ٥- بۆردومانی ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان | ١٢٢ | ٤٥ | ٩ | ٢,٦٤ | ١٢١ | ٤٨ | ٧ | ٢,٦٥ | | |
| ٦- ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان. | ٧٩ | ٨٣ | ١٤ | ٢,٣٧ | ٧٩ | ٨٧ | ١٠ | ٢,٣٩ | | |
| ٧- پێشێلکاری دژی ڕۆژنامەنووسان. | ١٣٧ | ٢٧ | ١٢ | ٢,٧١ | ١٢٧ | ٣٦ | ١٣ | ٢,٦٥ | | |
| ٨- پرسی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا. | ١٤٨ | ٢٣ | ٥ | ٢,٨١ | ١٢٩ | ٤٠ | ٧ | ٢,٦٩ | | |
| ٩- دەستوەردان لە کاروباری دادوەریدا. | ١٢٥ | ٣٢ | ١٩ | ٢,٦٠ | ١١٢ | ٤٨ | ١٦ | ٢,٥٥ | | |
| ١٠- ڕووداوی تاوان و توندووتیژییەکان. | ٦٧ | ٩٠ | ١٩ | ٢,٢٧ | ٧٨ | ٨٥ | ١٣ | ٢,٣٧ | | |
| ١١- هەواڵی تایبەت بە ناوچە دابڕاوەکان. | ١٣٢ | ٣٨ | ٦ | ٢,٧٢ | ١٣٩ | ٣٢ | ٥ | ٢,٧٦ | | |
| ١٢- پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم. | ١٤٣ | ٢٦ | ٧ | ٢,٧٧ | ١٣٧ | ٣٤ | ٥ | ٢,٧٥ | | |
| ١٣- ململانێی نێوخۆی حزبە سیاسییەکان. | ٧٤ | ٧٧ | ٢٥ | ٢,٢٨ | ٧٧ | ٧٨ | ٢١ | ٢,٣٢ | ناوەندی خشتەیی (٢٦) | |
| کۆ | | | | ٣٢,٣٦ | کۆ | | | ٣٢,٨٩ | | |

وەک لە خشتەی ژمارە(٣) دەردەکەوتووە:

- ئەنجامی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە دەریانخستووە، بۆچوونی ئەو دەزگایانەی ڕۆژنامەنووسان کاری تێیدا دەکەن ئەرێنییە سەبارەت بە زۆرێک لەو دۆزانە، لە ناویاندا (خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان، ڕوماڵی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد، بۆردومانی ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان، ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، پێشێلکاری دژی ڕۆژنامەنووسان، ڕووداوی تاوان و توندووتیژییەکان، پرسی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا، دەستوەردان لە کاروباری دادوەریدا، هەواڵی تایبەت بە ناوچە دابڕاوەکان، پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم)، لە بەرامبەردا بە بەهایەکی کەمتر (هەندێکجار) لەگەڵ ئەو دۆزانەن کە تایبەتە بە (چالاکییە حکومی و حزبییەکان و ململانێی نێوخۆی حزبە سیاسییەکان).
- بۆچوونی ڕۆژنامەنووسان هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆی تیادا بەدی نەکرا، لەگەڵ بۆچوونی دەزگاکەی، بۆچوونەکانیان لەگەڵ زۆربەی دۆزەکاندا ئەرێنی بوو بەشێوەیەک، لەگەڵ (خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکان، ڕوماڵی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغداد، بۆردومانی ناوچە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان، ململانێی نێوان هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان، پێشێلکاری دژی ڕۆژنامەنووسان، پرسی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستاندا، دەستوەردان لە کاروباری دادوەریدا، هەواڵی تایبەت بە ناوچە دابڕاوەکان، پرسی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم)دایە، تەنها لەڕووداوەکانی تاوان و توندووتیژیدا، بەڕێژەیەکی زۆر کەم لەگەڵ دەزگاکەیاندا جیاوازن بەشێوەیەک هەندێکجار ڕۆژنامەنووسان لەگەڵیدان، لەبەرامبەردا سەبارەت بە دۆزەکانی تایبەتە بە (چالاکییە حکومی و حزبییەکان و ململانێی نێوخۆی حزبە سیاسییەکان)، لەگەڵ دەزگاکانیاندا هاوڕان، بەوەی هەندێکجار لەگەڵیدان.
- بۆ سەلماندنی وەکیەکی ڕای ڕۆژنامەنووسان و ئەو دەزگایەی کاری تێدا دەکەن، توێژەر پشتی بەست بە ( Pearson Correlation Coefficients)، دەرکەوت کە پەیوەندییەکی ڕاستەوانە مامناوەند هەیە لە نێوەن بۆچوونی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانیاندا، بە بەهای (٠,٦٤١) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٠٠).

٣-٣: لێکەوتەی ژینگەی پیشەیی لەسەر پەیامسازیی هەواڵی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان:

**خشتەی (٤)**

**لێکەوتەی ژینگەی ناوخۆیی لەسەر پێوەرە پیشەییەکانی ڕۆژنامەنووسان لەدیدی بەرتوێژانەوە.**

| ئاست / بڕگە | هەمیشە | | زۆرجار | | هەندێکجار | | بەدەگمەن | | هەرگیز | | ن | ئاست | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | چ | % | | | |
| پێداویستییە تەکنەلۆژییەکان بەپێی پێشکەوتنەکان لەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم فەراهەمکراوە. | ٦٠ | ٣٤,١ | ٦٤ | ٣٦,٥ | ٤٧ | ٢٦,٧ | ٤ | ٢,٣ | - | - | ٤,٠٣ | بەرز | ٣ |
| ئەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم دەرفەتی کێبڕکێی پیشەیی لە نێوان ڕۆژنامەنووساندا درووست دەکات. | ٥٣ | ٣٠,١ | ٦٢ | ٣٥,٢ | ٤٢ | ٢٣,٩ | ١٣ | ٧,٤ | ٦ | ٣,٤ | ٣,٨١ | بەرز | ٦ |
| ئەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم ڕا و بۆچوونی ڕۆژنامەنووسەکانی بەهەند وەردەگرێت لە داڕشتنی هەواڵەکاندا. | ٥٠ | ٢٨,٤ | ٧٣ | ٤١,٥ | ٤٧ | ٢٦,٧ | ٥ | ٢,٨ | ١ | ٠,٦ | ٣,٩٤ | بەرز | ٤ |
| پەیکەری ڕێکخستنی کاروبارەکانی ناو دەزگاکەم ڕوون و ئاشکرایە. | ٧٣ | ٤١,٥ | ٦٤ | ٣٦,٤ | ٣٥ | ١٩,٩ | ٣ | ١,٧ | ١ | ٠,٦ | ٤,١٦ | بەرز | ١ |
| ئەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم ئاسایشی پیشەیی فەراهەمکردووە لە کاتی ڕووبەڕووبونەوە یاساییەکاندا. | ٧٣ | ٤١,٥ | ٦٧ | ٣٨,١ | ٢٧ | ١٥,٣ | ٦ | ٣,٤ | ٣ | ١,٧ | ٤,١٤ | بەرز | ٢ |
| گوشاری زۆریی کار؛ ڕۆژانە ڕەنگی داوەتەوە و بۆتە هۆی خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی. | ١٨ | ١٠,٢ | ٤٩ | ٢٧,٨ | ٥٨ | ٣٣ | ٢٩ | ١٦,٥ | ٢٢ | ١٢,٥ | ٣,٠٧ | مامناوەند | ١٢ |
| ئەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم پشتگیری مادیی بۆ ڕووماڵە میدیاییەکان فەراهەم دەکات. | ٥٧ | ٣٢,٤ | ٦٠ | ٣٤,١ | ٤٣ | ٢٤,٤ | ١٣ | ٧,٤ | ٣ | ١,٧ | ٣,٨٨ | بەرز | ٥ |
| لەکاتی هەر نەخۆشی و پەککەوتنێکدا لەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم مافی ڕۆژنامەنووس پارێزراوە. | ٧١ | ٤٠,٣ | ٥٧ | ٣٢,٤ | ٣٥ | ١٩,٩ | ٩ | ٥,١ | ٤ | ٢,٣ | ٤,٠٣ | بەرز | ٣ |
| ئەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم بەشداری بە کارمەندەکانی ناکات لەو خولانەی پەیوەستن بە کاری پیشەییەوە. | ٢١ | ١١,٩ | ٣٧ | ٢١ | ٥٤ | ٣٠,٧ | ٣١ | ١٧,٦ | ٣٣ | ١٨,٨ | ٢,٩٠ | مامناوەند | ١٣ |
| ئەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم ئاستەنگی دارایی بەربەستە لەبەردەم پیشەیی بووندا. | ٣٠ | ١٧ | ٥٠ | ٢٨,٤ | ٥٨ | ٣٣ | ٢٠ | ١١,٤ | ١٨ | ١٠,٢ | ٣,٣١ | مامناوەند | ١٠ |
| ترس لە سزادان و لەدەستدانی پیشەکەم هۆکارە بۆ پابەند نەبوون بە پیشەیی بوونەوە. | ١٥ | ٨,٥ | ٤١ | ٢٣,٣ | ٤٧ | ٢٦,٧ | ٣٢ | ١٨,٢ | ٤١ | ٢٣,٣ | ٢,٧٦ | مامناوەند | ١٤ |
| ڕازیم بەو موچەیەی وەریدەگرم لەبەرامبەر ئەو کارەی دەیکەم. | ٣٨ | ٢١,٦ | ٦٣ | ٣٥,٨ | ٤٩ | ٢٧,٨ | ١٦ | ٩,١ | ١٠ | ٥,٧ | ٣,٥٩ | بەرز | ٨ |
| ئەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم هانی ڕۆژنامەنووسان دەدات کە بەشداری لە خوولی ڕاهێناندا بکەن. | ٦٤ | ٣٦,٤ | ٥٩ | ٣٣,٥ | ٣٦ | ٢٠,٥ | ١٢ | ٦,٨ | ٥ | ٢,٨ | ٣,٩٤ | بەرز | ٤ |
| ئەگەر پابەند نەبم بە سیاسەتی کەناڵەکەوە،فشار دەخرێتە سەرم. | ٣٥ | ١٩,٩ | ٤٨ | ٢٧,٣ | ٤٥ | ٢٥,٦ | ٣٣ | ١٨,٨ | ١٥ | ٨,٥ | ٣,٣١ | مامناوەند | ١٠ |
| دەزگاکەم لە پای کاری زیاتر پاداشتی داراییم دەکات. | ٣٤ | ١٩,٣ | ٤٧ | ٢٦,٧ | ٥٠ | ٢٨,٤ | ٢٦ | ١٤,٨ | ١٩ | ١٠,٨ | ٣,٢٩ | مامناوەند | ١١ |
| گەر پابەندی پیشەییبوون نەبم ئەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم سزای داراییم دەدات. | ٣٩ | ٢٢,٢ | ٥٢ | ٢٩,٥ | ٥٧ | ٣٢,٤ | ١٧ | ٩,٧ | ١١ | ٦,٣ | ٣,٥٢ | بەرز | ٩ |
| پۆستە کارگێڕییەکانی ئەو دەزگایەی کاری تێدا دەکەم لەسەر بنەمای لێهاتوویی ڕۆژنامەنووسەکان دادەنرێت | ٣٩ | ٢٢,٢ | ٦٣ | ٣٥,٨ | ٤٨ | ٢٧,٣ | ١٥ | ٨,٥ | ١١ | ٦,٣ | ٣,٥٩ | بەرز | ٨ |
| ئەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم ئاسایشی پیشەیی فەراهەمکردووە، لە کاتی ڕووبەڕووبونەوە کۆمەڵایەتیەکاندا. | ٤٥ | ٢٥,٦ | ٦٦ | ٣٧,٥ | ٤٥ | ٢٥,٦ | ١٦ | ٩,١ | ٤ | ٢,٣ | ٣,٧٥ | بەرز | ٧ |
| ئەو کەناڵەی کاری تیادا دەکەم پەیوەستی کردووم بە پەیمانامەی ئاکاری پیشەییەوە. | ٦٦ | ٣٧,٥ | ٦٦ | ٣٧,٥ | ٣١ | ١٧,٦ | ١٠ | ٥,٧ | ٣ | ١,٧ | ٤,٠٣ | بەرز | ٣ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کۆ | ناوەندی گریمانەیی ٥٧ ناوەندی خشتەیی ٦٩,٠٥ | ٣,٣٦ | بەرز |
| بەهای T ١٤,٤٧٦ نمرەی ئازادی ١٧٥ ئاستی بەڵگەداری ٠,٠٠٠ جیاوازی ناوەندەژمێرە ١٢,٠٥١ | | | |

وەک لە خشتەی ژمارە(٤) دەردەکەوتووە:

- ئەنجامی لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە دەریانخستووە، کە بە شێوەیەکی گشتی ژینگەی پیشەیی ڕۆڵی هەیە لەپرۆسەی پەیامسازیی هەواڵیی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، ئەمەش ناوەندی خشتەیی بڕگەکانی ئەم تەوەرە بە بەهای (٦٩,٠٥)، وە بە جیاوازی ناوەندەژمێرەی (١٢,٠٥١) کە زیاترە لە ناوەندی گریمانەیی بەبەهای (٥٧)، هاوکۆلکەی (One-Sample Ttest) بە بەهای T (١٤,٤٧٦)، و نمرەی ئازادی (١٧٥)، وئاستی بەڵگەداری (٠,٠٠٠) و ناوەندەژمێرەی گشتی (٣,٣٦) سەلمێنەری ئەو ئەنجامەیە کە زۆرجار ژینگەی پیشەیی ڕۆڵ دەگێڕێت لە پەیامسازیی هەواڵیی کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان، کۆی گشتی ئەو ئەنجامانە کاریگەری لەسەر بڕگەکانی ناو ئەم تەوەرە کردووە بەشێوەی جیاواز جیاواز، بەشێوەیەک بڕگەی (پەیکەری ڕێکخستنی کاروبارەکانی ناو دەزگاکەم ڕوون و ئاشکرایە) لە پلەی یەکەمدایە بە ناوەندەژمێرەی (٤,١٦)، بە پێی پێوەری (لیکارت) بەرتوێژان بە ئاستی (زۆرجار) بۆچوونیان ئەرێنییە بەرامبەر بەو پەیکەری ڕێکخستنەی دەزگاکانیان پەیڕەوی دەکەن، دەرەنجام دابەشکردنی کار لە ناو دەزگاکانیاندا بەشێوەیەک بوونی هەیە کە هاوکارە لە بەجێگەیاندنی ئامانجی دەزگاکە کە گونجاو بێت لەگەڵ ئەو ئەرکانەی بە ڕۆژنامەنووسەکانیانی دەسپێرن. لەلایەکی ترەوە بە ناوەندەژمێرەی (٤,١٤) بەرتوێژان پێیان وایە لە پلەی دووەمدا (زۆرجار) (ئەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم ئاسایشی پیشەیی فەراهەمکردووە لە کاتی ڕووبەڕووبونەوە یاساییەکاندا). لە هەمان کاتدا بە ناوەندەژمێرەی (٤,٠٣)، بە ئاستی (زۆرجار) هەرسێ بڕگەی(پێداویستییە تەکنەلۆژییەکان بەپێی پێشکەوتنەکان لەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم فەراهەمکراوە. وە لەکاتی هەر نەخۆشی و پەککەوتنێکدا لەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم مافی ڕۆژنامەنووس پارێزراوە. هەروەها ئەو کەناڵەی کاری تیادا دەکەم پەیوەستی کردووم بە پەیماننامەی ئاکاری پیشەییەوە)، لە پلەی سێیەمدان. بە هەمان شێوە و بە بڕێکی کەمێک جیاوازتر بەرتوێژان پێیان وایە کە (زۆرجار)، هەردوو بڕگەی (ئەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم ڕا و بۆچوونی ڕۆژنامەنووسەکانی بەهەند وەردەگرێت لە داڕشتنی هەواڵەکاندا. وە ئەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم هانی ڕۆژنامەنووسان دەدات کە بەشداری لە خوولی ڕاهێناندا بکەن)، بە ناوەندەژمێرەی (٣,٩٤) لە پلەی چوارەمدان. بەم شێوەیە بڕگەی (ئەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم پشتگیری مادیی بۆ ڕوومالە میدیاییەکان فەراهەم دەکات) پلەی پێنجەمی وەرگرتووە بە ئاستی زۆرجار و ناوەندەژمێرەی (٣,٨٨).. پاشان لە پلەی شەشەمدا پەرتوێژان پێیان وایە بە ناوەندەژمێرەی (٣,٨١)، (زۆرجار) (ئەو دەزگایەی ڕۆژنامەنووسان کاری تیادا دەکەن دەرفەتی کێبڕکێی پیشەیی لە نێوان ڕۆژنامەنووساندا درووست دەکات). بە هەمان شێوە و لە پلەی حەوتەمدا، بە ناوەندە ژمێرەی (٣,٧٥)، بەرتوێژان پێیان وایە کە (زۆرجار) (ئەو دەزگایەی ڕۆژنامەنووسان کاری تیادا دەکەن، لە کاتی ڕووبەڕووبونەوە کۆمەڵایەتیەکاندا، ئاسایشی پیشەیی تیادا فەراهەمکردووە). لە بەرامبەردا هەردوو بڕگەی (ڕازیم بەو موچەیەی وەریدەگرم لەبەرامبەر ئەو کارەی دەیکەم، وە پۆستە کارگێڕییەکانی ئەو دەزگایەی کاری تێدا دەکەم لەسەر بنەمای لێهاتوویی ڕۆژونامەنووسەکان دادەنرێت)، بە ناوەندەژمێرەی (٣,٥٩)، وە بە ئاستی زۆرجار پلەی هەشتەمیان لە ڕیزبەندییەکە گرتووە. هەروەها بە ناوەندە ژمێرەی (٣,٥٢)، بەرتوێژان پێیان وایە کە (زۆرجار) (ئەگەر پابەندی پیشەییبوون نەبم، ئەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم سزای داراییم دەدات)، لە پلەی نۆیەمدایە.

ئەو دەرەنجامانەی لەسەر ئەو بڕگانەی خرانەڕوو، دەرخەری ئەوەن کە ژینگەی پیشەیی دەزگا میدیاییە هەواڵییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژینگەیەکی گونجاوە بۆ پیشەی کاری ڕۆژنامەنووسی و بەشێوەیەکی ئەرێنی ڕەنگیداوەتەوە لەسەر پەیامە میدیاییەکانیان، ئەمەش دەرەنجامێکی تاڕادەیەک ئاساییە کە ڕۆژنامەنووسان ئەو ژینگەیەی کاری تیادا دەکەن بەژینگەیەکی گونجاوی بزانن، لەکاتێکدا لەخشتەی ژمارە (٢)دا دەرکەوتووە بۆچوون و ئاراستەی سیاسی ڕۆژنامەنووسانی ناو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە لەنیوە زیاتر، بەڕێژەی (٥٨,٦%) لایەنگر و ئەندامی ئەو حزبەن کە خاوەندارێتی کەناڵە میدیاییەکان دەکەن، هەر ڕوودا و هەواڵێک خزمەت بەسیاسەت و ئەجیندای حزب نەگەیەنێت نایگەیەنن، هەربۆیە لە خشتەی ژمارە (٣) ئەمە بەڕوونی ڕەنگیداوەتەوە و بۆچوونی ڕۆژنامەنووسان بەرامبەر بەو هەواڵ و دۆزانەی دەخرێنە ڕوو، هاوتەرییە لەگەڵ بۆچوونی ئەو دەزگایەی کاری تێدا دەکەن. لەگەڵ ئەمەشدا و لەبەرامبەردا ئەو ڕاپۆرتانەی ساڵانە لەلایەن سەنتەر و سەندیکاکانی تایبەت بەرۆژنامەنوسان دەردەچوێترێت پێچەوانەی ئەم دەرەنجامەن، ساڵانە پێشێلکاری گەورە بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان دەخەنە ڕوو، بەپێی دوایین ڕاپۆرتی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە (٢٩ و ٣٠ ساڵی ٢٠٢٢)، لە کۆی (١٥٨) دەزگای میدیایی (٧٣) پێشێلکاری بەرامبەر ڕۆژنامەنووسان ئەنجام دراوە، لەبەرامبەردا بەهەمان شێوە ڕاپۆرتی ساڵانەی سەنتەری میترۆ بۆ ساڵی (٢٠٢٢)دەریخستووە کە (٤٣١) پێشێلکاری بەرامبەر (٣٠١) ڕۆژنامەنووس لەو ساڵەدا ئەنجام دراوە.

- بڕگەکانی تری ژینگەی پیشەیی بە بڕی کەمتر لە ڕیزبەندییەکەدان، بە شێوەیەک کە لە پلەی دەیەم بە ناوەندەژمێرەی (٣,٣١)، بەرتوێژان پێیان وایە کە (هەندێکجار) (ئەگەر پابەند نەبم بە سیاسەتی کەناڵەکەوە، فشار دەخرێتە سەرم، هەروەها لەو دەزگایەی کاری تیادا دەکەم ئاستەنگی دارایی بەربەستە لەبەردەم پیشەیی بوونمدا). بەڵام بە ناوەندەژمێرە (٣,٢٩)، پەرتوێژان پێیان وایە کە (هەندێکجار)، (ترس لە سزادان و لەدەستدانی پیشەکەم هۆکارە بۆ پابەند نەبوون بە پیشەیی بوونەوە)، لەپلەی یانزەدایە. لە لایەکی ترەوە بە جیاوازییەکی کەم ڕۆژنامەنووسان (هەندێکجار)، (گوشاری زۆریی کار؛ ڕۆژانە ڕەنگی داوەتەوە و بۆتە هۆی خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتی) بە ناوەندەژمێرەی (٣,٠٧)، لە پلەی دوانزەیەمدایە، لە پلەی سیانزەدا بە ناوەندەژمێرەی (٢,٩٠)، بەرتوێژان پێیان وایە کە (هەندێکجار)، (ئەو

دەزگایەی کاری تیادا دەکەم بەشداری بە کارمەندەکانی ناکات لەو خۆلانەی پەیوەستن بە کاری پیشەییەوە). لە کۆتاییدا و لە پلەی چواردەدا، بە ناوەندەژمێرەی (٢,٧٦)، ڕۆژنامەنووسان پێیان وایە کە (هەندێکجار)، (ترس لە سزادان و لەدەستدانی پیشەکەم هۆکارە بۆ پابەند نەبوون بە پیشەیی بوونەوە).

٣-٤: کاریگەری گۆڕاوی ڕەگەزی سامپڵ لەسەر ژینگەی پیشەیی:

**خشتەی (٥)**

**تاقیکردنەوەی (Independent-Samples Ttest) بۆ خستنەڕووی جیاوازی گۆڕاوی ڕەگەز سەبارەت ڕۆڵی ژینگەی پیشەیی لە سازاندنی پەیامدا**

| ڕەگەز | ڕەگەز | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی | ئاستی بەڵگەداری | بەهایT |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشەیی | نێر | ٦٩,٨٣ | ١١,٣٩٨ | ١٧٤ | ٠,٠٣ | ٢,٠٨٠ |
| | مێ | ٦٥,٢٧ | ٨,٢٨٣ | | | |

وەک لە خشتەی (٥) دەردەکەوتووە:

بە مەبەستی تاقیکردنەوەی کاریگەری گۆڕاوی ڕەگەز لەسەر ژینگەی پیشەیی، توێژەر سوودی لە تاقیکردنەوەی (Ttest) وەرگرت، لەسەر ئەو بنەمایە دەرکەوت کە جیاوازییەکی ئاماری ئاماژەدار لە نێوان ڕای ڕەگەزی (نێر و مێ)دا بەدی دەکرێت سەبارەت بە ڕۆڵی ژینگەی پیشەیی لە سازاندنی پەیامی میدیاییدا، ناوەندەژمێرەی ڕەگەزی نێر (٦٩,٨٣)ە، لە بەرامبەر ناوەندی ڕەگەزی مێ (٦٥,٢٧). بەهای T هەژمارکراو بە بڕی (٢,٠٨٠)، بەهایەکی ئاماژەدارە بۆ بۆنی جیاوازی لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێر، بە بوونی نمرەی ئازادی (١٧٤) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٣)، بە بڕوای توێژەر ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە کۆمەڵگەی کوردیدا تا ئێستەشی لەسەر بێت ڕەگەزی نێر لە سەرجەم سێکتەرەکاندا باڵا دەستە، لەناویشیاندا پیشەی کاری ڕۆژنامەنووسی کە ڕێژەی ڕەگەزی نێر زۆرترین چانسی هەیە وەک لە ڕەگەزی مێ کە بتوانێت لەو بوارەدا کار بکات، ئەمەش بەڕوونی لە شێوەی (١)دا دەرکەوتووە کە لە کۆی (١٧٦) ڕۆژنامەنووس، (١٧%) لە ڕەگەزی (مێ)ن. لە بەرامبەردا بێگومان؛ ئەمەش لە حزبایەتیدا ڕەنگی داوەتەوە و ڕەگەزی مێ کەمتر لە پارتە سیاسییەکاندا بەشداریان پێ دەکرێت وەک لە ڕەگەزی نێر.

٣-٥: کاریگەری گۆڕاوی تەمەنی سامپڵ لەسەر ژینگەی پیشەیی:

**خشتەی (٦)**

**تاقیکردنەوەی (One-Way ANOVA) بۆ خستنەڕووی جیاوازی گۆڕاوی تەمەن سەبارەت بە ڕۆڵی ژینگەی سیاسی لە سازاندنی پەیامدا**

| تەمەن | تەمەن | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | لادانی چوارینە | نمرەی ئازادی | ناوەندی چوارینە | بەهایF | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشەیی | ٢٠-٢٩ | ٦٩,١١ | ١١,٤٧٥ | ٣٣٩,٢٢٦ | ٣ | ١١٣,٠٧٥ | ٠,٩٢٦ | ٠,٤٣٠ |
| | ٣٠-٣٩ | ٦٨,١٠ | ١٠,٦٣٠ | | | | | |
| | ٤٠-٤٩ | ٧١,٩٣ | ١١,٧٦٣ | | ١٧٢ | | | |
| | ٥٠ بەرەوژوور | ٧٣ | ٥,٦٥٧ | ٢١٠٠٥,٣١٤ | ١٧٥ | ١٢٢,١٢٤ | | |

وەک لە خشتەی (٦) دەردەکەوتووە:

بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی تەمەن لە سەر ژینگەی پیشەیی لە سازاندنی پەیامدا، توێژەر سوودی لە هاوکۆلکەی (ANOVA) وەرگرت، بۆ شیکردنەوەی جیاوازی بە یەک ئاراستە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی ئاماژەدار لە تەمەنی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بوونی نییە بە پێی دەستەکانی تەمەن، بەهای (F)ی هەژمارکراو بە بەهای (٠,٩٢٦)، بەهایەکی ئاماژەدار نییە بۆ بوونی جیاوازی لە ئاست نمرەکانی ئازادی (٣، ١٧٢)، و ئاستی بەڵگەداری (٠,٤٣٠).

٣-٦: کاریگەری پیشەی میدیایی سامپڵ لەسەر ژینگەی پیشەیی:

**خشتەی (٧)**

**تاقیکردنەوەی (One-Way ANOVA) بۆ خستنەڕووی جیاوازی گۆڕاوی پیشەی میدیایی سەبارەت بە ڕۆڵی ژینگەی پیشەیی لە سازاندنی پەیامدا**

| پیشەی میدیایی | پیشەی میدیایی | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | لادانی چوارینە | نمرەی ئازادی | ناوەندی چوارینە | بەهایF | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشەیی | هەواڵساز | ٦٨,٨٤ | ١٠,١٧٢ | ٧٢٩,٠٥٧ | ٥ | ١٤٥,٨١١ | ١,٢٠٢ | ٠,٣١٠ |
| | پەیامنێر | ٧١,١٥ | ١١,٨٩٢ | | | | | |
| | بەڕێوەبەری نووسین | ٦١,٨٣ | ٦,٢٧٤ | | ١٧٠ | | | |
| | سورنووسەر | ٧٠,٥٨ | ١٠,٦٥٩ | ٢٠٦١٥,٤٨٣ | | ١٢١,٢٦٨ | | |
| | پڕۆدیوسەر | ٦٦,٤٧ | ٦,٣٥٧ | | ١٧٥ | | | |
| | هیتر | ٦٧,٩٣ | ١٢,٧١٣ | | | | | |

وەک لە خشتەی (٧) دەردەکەوتووە:

- بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی پیشەی میدیایی لە سەر ژینگەی پیشەیی لە سازاندنی پەیامدا، توێژەر سوودی لە هاوکۆلکەی (ANOVA) وەرگرت، بۆ شیکردنەوەی جیاوازی بە یەک ئاراستە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی ئاماژەدار بوونی نییە بە پێی پیشەی میدیاییان، بەو پێیەی بەهای (F)ی هەژمارکراو بە بەهای (١,٢٠٢)، بەهایەکی ئاماژەدار نییە بۆ بوونی جیاوازی لە ئاست نمرەکانی ئازادی (٥، ١٧٠)، و ئاستی بەڵگەداری (٠,٣١٠).

٣-٧: کاریگەری شوێنی کارکردنی سامپڵ لەسەر ژینگەی پیشەیی:

**خشتەی (٨)**

**تاقیکردنەوەی (One-Way ANOVA) بۆ خستنەڕووی جیاوازی گۆڕاوی شوێنی کارکردن سەبارەت بە ڕۆڵی ژینگەی پیشەیی لە سازاندنی پەیامدا**

| شوێنی کارکردن | شوێنی کارکردن | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | لادانی چوارینە | نمرەی ئازادی | ناوەندی چوارینە | بەهایF | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشەیی | kurdsat news | 73.25 | 10.166 | ١٢٢٠,٤٥٤ | ٧ | ١٧٤,٣٥١ | ١,٤٥٦ | ٠,١٨٦ |
| | Rudaw | 68.31 | 9.322 | | | | | |
| | NRT | 66.25 | 12.098 | | ١٦٨ | | | |
| | Speda | 69.14 | 11.107 | ٢٠١٢٤,٠٨٦ | | ١١٩,٧٨٦ | | |
| | K24 | 73.44 | 10.737 | | ١٧٥ | | | |
| | GKsat | 71.80 | 10.663 | | | | | |
| | KNN | 65.74 | 11.670 | | | | | |
| | payam | 70.00 | 9.349 | | | | | |

وەک لە خشتەی (٨) دەردەکەوتووە:

- بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی شوێنی کارکردن لە سەر ژینگەی پیشەیی لە سازاندنی پەیامدا، توێژەر سوودی لە هاوکۆلکەی (ANOVA) وەرگرت، بۆ شیکردنەوەی جیاوازی بە یەک ئاراستە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی ئاماژەدار بوونی نییە، سەرەڕای جیاوازییەکی کەم لە ناوەندە ژمێرەکانیاندا، بەڵام بەهای (F)ی هەژمارکراو (١,٤٥٦)، بەهایەکی ئاماژەدار نییە بۆ بوونی جیاوازی لەسەر ئاستی کەناڵ، بە پێی نمرەکانی ئازادی (٧، ١٦٨)، و ئاستی بەڵگەداری (٠,١٨٦).

٣-٨: کاریگەری ئەزموونی سامپڵ لەسەر ژینگەی پیشەیی:

**خشتەی (٩)**

**تاقیکردنەوەی (One-Way ANOVA) بۆ خستنەڕووی جیاوازی گۆڕاوی ئەزموون سەبارەت بە ڕۆڵی ژینگەی پیشەیی لە سازاندنی پەیامدا**

| ئەزموون | | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | لادانی چوارینە | نمرەی ئازادی | ناوەندی چوارینە | بەهای F | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشەیی | کەمتر لە ١ساڵ | 71.63 | 7.596 | ٧٣٨,٥٦٥ | ٥ | ١٤٧,٧١٣ | ١,٢١٩ | ٠,٣٠٢ |
| | ١-٥ ساڵ | 66.24 | 10.202 | | | | | |
| | ٦-١٠ ساڵ | 70.29 | 12.332 | | ١٧٠ | | | |
| | ١١-١٥ ساڵ | 70.94 | 10.552 | ٢٠٦٠٥,٩٧٥ | | ١٢١,٢١٢ | | |
| | ١٦-٢٠ ساڵ | 66.69 | 10.661 | | ١٧٥ | | | |
| | ٢١ ساڵ بەرەوژوور | 69.18 | 12.592 | | | | | |

وەک لە خشتەی (٩) دەردەکەوتووە:

- بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی ئەزموون لە سەر ژینگەی پیشەیی لە سازاندنی پەیامدا، توێژەر سوودی لە هاوکۆلکەی (ANOVA) وەرگرت، بۆ شیکردنەوەی جیاوازی بە یەک ئاراستە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی ئاماژەدار بوونی نییە بە پێی ئەزموونی کارکردن، بەهای (F)ی هەژمارکراو (١,٢١٩)، بەهایەکی ئاماژەدار نییە بۆ بوونی جیاوازی لەسەر ئاستی ساڵانی ئەزموونی کارکردن، بە پێی نمرەکانی ئازادی (٥، ١٧٠)، و ئاستی بەڵگەداری (٠,٣٠٢).

٣-٩: کاریگەری ئاستی خوێندنی سامپڵ لەسەر ژینگەی پیشەیی:

**خشتەی (١٠)**

**تاقیکردنەوەی (One-Way ANOVA) بۆ خستنەڕووی جیاوازی گۆڕاوی ئاستی خوێندن سەبارەت بە ڕۆڵی ژینگەی پیشەیی لە سازاندنی پەیامدا**

| قۆناغی خوێندن | | ناوەندە ژمێرە | لادانی پێوەری | لادانی چوارینە | نمرەی ئازادی | ناوەندی چوارینە | بەهای F | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پیشەیی | بنەڕەتی | 62.00 | - | ٥٠٣,٤٨٤ | ٤ | ١٢٥,٩٦٢ | ١,٠٣٤ | ٠,٣٩١ |
| | ئامادەیی | 73.53 | 11.112 | | | | | |
| | دبلۆم | 68.07 | 11.385 | ٢٠٨٤٠,٦٩١ | ١٧١ | ١٢١,٨٧٥ | | |
| | بەکالۆریۆس | 68.84 | 11.043 | | | | | |
| | خوێندنی باڵا | 67.13 | 8.509 | | ١٧٥ | | | |

وەک لە خشتەی (١٠) دەردەکەوتووە:

- بۆ تاقیکردنەوەی ئاستی کاریگەری گۆڕاوی قۆناغی خوێندن لە سەر ژینگەی پیشەیی لە سازاندنی پەیامدا، توێژەر سوودی لە هاوکۆلکەی (ANOVA) وەرگرت، بۆ شیکردنەوەی جیاوازی بە یەک ئاراستە، لە ئەنجامدا دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی ئاماژەدار بوونی نییە بە پێی ئاستی خوێندنیان، بەهای (F)ی هەژمارکراو بە بەهای (١,٠٣٤)، بەهایەکی ئاماژەدار نییە بۆ بوونی جیاوازی لە ئاست نمرەکانی ئازادی (٤، ١٧١)، و ئاستی بەڵگەداری (٠,٣٩١).

## دەرئەنجامی توێژینەوەکە

**توێژر لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە، گەیشتە ئەم دەرەنجامانەی خوارەوە:**

1- ڕۆژنامەنووسانی سامپڵی توێژینەوەکە بەڕێژەی (٥٨,٦%) پشتگیری لەو حزبە دەکەن کە خاوەنداریتی ئەو کەناڵە دەکات کە ڕۆژنامەنووسان کاری تیادا دەکەن. ئەوەی جێگەی سەرنجە سەبارەت بە ئاراستەی ڕۆژنامەنووسانی کەناڵی (Rudaw)ە، بەڕێژەی (٦٨,٨%) بێلایەنن و سەر بە هیچ حیزبێک نین، بەڵام لە لایەکی ترەوە بە بەهای جیاوازی ناوەندەژمێرەی (٠,٥٣) بەرتوێژان ڕاو بۆچوونیان لەسەر پەیام و ئاراستە میدیاییەکان لەگەڵ دەزگاکانیاندا جیاوازە، کە ڕێژەیەکی هێندە کەمە دەگاتە ئەو ئاستەی بڵێین ڕۆژنامەنووسانی سەرجەم کەناڵەکان بە (ڕووداویشەوە) تەواو هاوڕان لەگەڵ ئاراستە و بۆچوونی کەناڵەکانیان، بە شێوەیەک پەیوەندییەکی ڕاستەوانە مامناوەند هەیە لە نێوەن بۆچوونی ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانیاندا، بە بەهای (٠,٦٤١) و ئاستی بەڵگەداری (٠,٠٠٠).

2- بەشێوەیەکی گشتی دەرکەوتووە کە ژینگەی پیشەیی دەزگا میدیاییە هەواڵییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژینگەیەکی گونجاوە بۆ پیشەی کاری ڕۆژنامەنووسی و بەشێوەیەکی ئەرێنی ڕەنگیداوەتەوە لەسەر پەیامە میدیاییەکانیان، ئەمەش دەرەنجامێکی تاڕادەیەک ئاساییە کە ڕۆژنامەنووسان ئەو ژینگەیەی کاری تیادا دەکەن بەژینگەیەکی گونجاوی بزانن، لەکاتێکدا دەرکەوتووە بۆچوون و ئاراستەی سیاسی ڕۆژنامەنووسانی ناو کەناڵی سامپڵی توێژینەوەکە لەنێوە زیاتر، لایەنگر و ئەندامی ئەو حزبەن کە خاوەنداریتی کەناڵە میدیاییەکان دەکەن، بۆیە هەر ڕووداو و هەواڵێک خزمەت بەسیاسەت و ئەجیندای حزب نەگەیەنێت نایگەیەنن.

3- سامپڵی توێژینەوەکە بە پێی گۆڕاوە دیمۆگرافییەکان (تەمەن، پیشەی میدیایی، شوێنی کارکردن، ئەزموونی کارکردن، قۆناغی خوێندن)، بە بێ جیاوازی؛ ڕایان وایە کە ژینگەی پیشەیی بەڕێژەیەکی (بەرز) ڕۆڵ دەبینێت و کاریگەری (ئەرێنی) لەسەر ناوەڕۆکی پەیامە میدیاییەکان درووست دەکات، بەتەنها ڕەگەزی سامپڵی توێژینەوەکە ڕای جیاوازی تیادا بەدی کرا، ئەویش بەهای T هەژمارکراو بە بڕی (٢,٠٨٠)، بەهایەکی ئاماژەدارە بۆ بوونی جیاوازی لە بەرژەوەندی ڕەگەزی نێر.

## ڕاسپاردەکان

1. گرنگە میدیا لە هەرێمی کوردستان-عێراق، گرنگییەکی زیاتر بە ژینگەی پیشەیی بدەن، و هەوڵ بدرێت تا ڕادەیەکی باش هاوسەنگی بکات لە بەشدارپێکردنی ڕەگەزی (مێ) و لە بواری ڕۆژنامەنووسیدا گەشەیان پێ بدات.
2. پێویستە لەسەر ئامرازە میدیاییەکان فشارەکانیان کەم بکەنەوە تا ڕۆژنامەنووسان بتوانن ئازادانەتر ڕووداو هەواڵەکان بگوازنەوە، خۆیان بەدوور بگرن لە سزادانی ڕۆژنامەنووسەکانیان، لەکاتێکدا لەپێناو بابەتیانە بڵاوکردنەوەی پەیامەکان پێشێلی سیاسەتی کەناڵەکانیان دەکەن،
3. بەردەوامیدان بە پێگەیاندنی ڕۆژنامەنووساکانیان لەڕێگەی زیاتر فەراهەمکردنی خولی تایبەت بە پیشەی کاری ڕۆژنامەنووسییەوە.

## پێشنیارەکان

1. تا دەرچواندنی پەیماننامەیەکی شەرەفی میدیایی، وەک پێداویستییەکی هەنووکەیی؛ دەزگا میدیاییەکان لە ناوخۆی دەزگاکانیاندا پرەنسیپێکی میدیایی دابڕێژن، یان هەوڵ بدەن ئاکارە خوودییەکان پەیڕەو بکەن.
2. توێژەران هەوڵ بدەن توێژینەوەی بەراوردکاری ئەنجام بدەن سەبارەت بە بەئاگابوون بەژینگەی پیشەیی کاری ڕۆژنامەنووسان لەنێوان هەرێمی کوردستان و ناوەند(عێراق).

## سەرچاوەکان

### سەرچاوەی کوردی:

بەهرۆز عەلی، هونەری هەواڵ نووسین، چ١، (سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ٢٠١٨).
سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چ٢، (سلێمانی، هەرێمی کوردستان، چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، ٢٠١٥).
کارزان محەمەد، سانسۆری ڕۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستاندا، چ١، (سلێمانی، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١١).

### سەرچاوەی عەرەبی:

حسن عماد مكاوي و ليلى حسين السيد, الاتصال ونظرياته المعاصرة, ط١, (القاهرة, الدار المصرية اللبنانية, ١٩٩٨).
خالد مجد الدين محمد, صناعة الاخبار في عصر المعلومات, ط١، (القاهرة, دار الامين, ٢٠٠٧).
خالد مجد الدين محمد, صناعة الاخبار في عصر المعلومات, ط١، (القاهرة, دار الامين, ٢٠٠٧).
رقية المصدق, الحريات العامة و حقوق الانسان, ط١, (الدار البيضاء, مؤسسة كونراد آديناور, ١٩٩٩).
عبدالجواد سعيد محمد, فن الخبر الصحفي, ط١، (القاهرة, دار الفجر للنشر, ٢٠٠٥).
عبدالجواد سعيد محمد, فن الخبر الصحفي, ط١، (القاهرة, دار الفجر للنشر, ٢٠٠٥).
عبدالفتاح عبدالنبي, سوسيولوجيا الخبر الصحفي, (القاهرة, العربي للنشر والتوزيع, ١٩٨٩).
محمد سلمان الحتو, مناهج كتابة الأخبار الاعلامية وتحريرها, ط١, (الأردن, دار أسامة للنشر والتوزيع, ٢٠١٢).
مشعل سلطان عبدالجبار, أيدولوجيا الكتابة الصحفية, ط١, (عمان, دار أسامة للنشر, ٢٠١٢).
مشعل سلطان عبدالجبار, أيدولوجيا الكتابة الصحفية, ط١, (عمان, دار أسامة للنشر, ٢٠١٢).
منى سعيد الحديدي و سلوى امام على, الاعلام والمجتمع, ط١، (القاهرة, الدار المصرية اللبنانية, ٢٠٠٤).
نبيل عبد الحميد عبدالجبار, تأريخ الفكر الاجتماعي, ط1, (الأردن, دار دجلة، ٢٠٠٩).
وسام فاضل راضي و مهند حميد التميمي, الاتصال ووسائله الشخصية والجماهيرية والتفاعلية, ط١, (الامارات- لبنان, دار الكتاب الجامعي, ٢٠١٧).

### توێژینەوە:

بەهات حسيب علي, العوامل المؤثرة في التغطية الخبرية، دراسة دكتورا غير منشورة، (هەولێر-كوردستان-عراق, جامعة صلاح الدين, ٢٠١٦).
خليل ابراهيم فاخر, بيئة العمل الصحفي في العراق, رسالة ماجستير غير منشورة, (جامعة بغداد, كلية الاعلام, ٢٠٠٨).
دحام علي حسين العبيدي, المصادر الاخبارية للجمهور في العراق, رسالة ماجستير غير منشورة, (جامعة بغداد, كلية الاعلام, ٢٠٠٥).
سامية أحمد هاشم, انعكاس البيئة الاعلامية على القائم بالاتصال, أطروحة دكتورا غير منشورة, (جامعة بغداد, كلية الاعلام, ٢٠٠٦).
صباح عواد محمد, ضغوط العمل لدى القائم بالاتصال في الصحافة العراقية, دراسة منشورة, (مجلة الآداب والعلوم الانسانية, المجلد ٨٤، العدد ٣, ٢٠١٧).
علم الدين عبدالله أحمد, معايير التغطية الاخبارية في التلفزيون, اطروحة دكتورا غير منشورة, (جامعة بغداد, كلية الاعلام, ٢٠٠٦).
فتحية ابراهيم محمد الشيخ, فاعلية المعايير المهنية في نشرات الأخبار التلفزيونية, اطروحة دكتورا غير منشورة, (جامعة السودان, الدراسات العليا, ٢٠٢١).

### سەرچاوەی ئینتەرنێت:

https://owenspencer-thomas.com/journalism/newsvalues.
https://archive.org/details/library-elhamma-14582021/page/24/mode/2up.